# کورد لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدا!

**با دروشمی ئێستەمان، پاراستنی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان و ئەو قەوارە سیاسییەی کوردستان بێ کە بە قیمەتێکی زۆر بنیادمان ناوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خەڵکی کوردستان ئەگەر پرسی پێ بکرێ و بە ئازادانە دەنگ بداو ئیرادەی خۆی دەرببڕێ**

خەباتی هیچ میللەتێکی بندەست، شەقامێکی راستەڕێ نەبووە تا هی کورد وابێ. لێ بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، ئەگەر دەستپێکەکەی لە سەرهەڵدانی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە حیساب بکرێ، هەورازو نشێوێکی زۆری بەخۆوە بینیوە و هێش بە ئەنجامی کۆتایی خۆی، کە مافی چارەی خۆنووسینە، نەگەیشتووە و کورد لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا کە ئەڵڵا قۆیسەن بە سەدەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان ناوزەد کراوە، هێشتا زوڵم و ستەمێکی زۆری لێ دەکرێ و لە هەندێ بەشی کوردستاندا تەنانەت رێگەی خوێندن بە زمانی خۆی لێ قەدەخە دەکرێ.

لەم سەد ساڵەی دواییدا، پاش رێککەوتننامەی سایکس- پیکۆی نێوان بەریتانیا- فەرەنسا و دابەشکردنی قەڵەمڕەوی عوسمانلی، هەر پارچەیەکی کوردستان، بە حوکمی زۆر فاکتەر، رێچکەیەکی جیای خەباتی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی، پێ بە پێ، لە فۆرمێکی دیاریکراودا، گرتووەتەبەر.

لەم بەشەی کوردستاندا کە لە ١٦ی ١٢ی ١٩٢٥دا لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە بە ناهەق بە عێراقەوە لکێندرا، کورد هەدادانی نەبووە و دەستەوئەژنۆ دانەنیشتووە. بەڵکە سەرهەڵدان دوای سەرهەڵدان، راپەڕین و شۆڕش کراوە. لەم پێڤاژۆیەدا کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی هەم سەرکەوتنی تۆمارکردووە و هەم تووشی نسکۆش بووە، بێ لەوە تاوانگەلی نێودەوڵەتی لەبابەتی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ دەرهەق بەم گەلە کراوە، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا.

بەهەرحاڵ لەپاش راپەڕینی ١٩٩١ تا ئێستە، گەلی کوردستان، خراپ یان باش، خۆی بەڕێوەدەبا. لە ٢٠٠٥یشەوە ئەو خۆبەڕێوەبردنەی کورد خراوەتە چوارچێوەی عێراقێکی بەناو فیدراڵییەوە. چاوەڕوان دەکرا ئەو چوارچێوەیە فیدراڵییە، دەستەبەری مافە جێگیراوەکانی ناو دەستووری بکردبایەو ئەو ستەمە مێژووییەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە کورد کراوە، لا ببردایە، یان کەمی بکردبایە. بەهەرحاڵ حکومەتی ئیتیحادی کە لایەنێکی سەرەکیی جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقە، نەك



**ئاسۆ کەریم**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەر کێشە لەمێژینەکانی وەك کێشەی کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی چارەسەر نەکرد، بەڵکە کێشەی دیکەشی بۆ زێدەکردن، وەك بڕینی بودجەی کوردستان لە ٢٠١٣وە.

بەهاتنەئارای دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام- داعش- و گرتنی پانتایەکی زۆری عێراق لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە، کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر تا ئەمدواییە هەڵواسران و، ئەولەوییەت درا بە بەرەنگاربوونەوەو تێکشکاندنی داعش وەك خەتەرێکی هاوبەش. کوردستان لەو شەڕەدا جێگەی خۆی لەنێو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا گرت. کوردستان بووە سەرقافڵەو مەیدانی تێکشکاندنی داعش. لەم پێناوەدا کورد قوربانییەکی زۆری ئینسانی و ماددی دا، سەربار کوردستان بووە جێگەی داڵدەدان و حەوانەوەی سەدان هەزار ئاوارەی کریستیان، شەبەك، ئێزدی، تورکمان و عەرەبی ناوخۆی عێراق و بەدەیان هەزار پەنابەری کوردی سوریە...

بەشێکی زۆری ئەو ناوچەو دەڤەرانەی کە کەوتبوونە دەست داعش و بەگوێرەی ماددە ١٤٠ی دەستوور، بە ناوچەی کێشە لەسەر ناوزەدکرابوون و دەبوایە تا کۆتایی ٢٠٠٧ ستاتۆی ئیدارییان یەکلا کرابانایەوە، هێزەکانی عێراق بێ شەڕ لەبەرانبەر داعشدا کشابوونەوە، لە شەڕو بەرەنگاربوونەوەی داعشدا، هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی نێوان حوزەیرانی ٢٠١٤- تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا پێ بەپێ و لە شەڕێکی دژواردا، یان ئەوەتا لە داعشی ساندنەوە وەك مەخموور و گوێڕ و سنجارو جەلەولا...، یان پارێزگاری لێکردن وەك کەرکووك. لێ لە پیلانێکی چاوەڕوان نەکراودا و بەپێچەوانەی دەستوور، لە شەوی ١٦ی تشرینی یەکەم بەملاوە، عێراق بە سوپاو حەشدی شەعبی پەلاماری ئەو ناوچانەی دا کە بووە هۆی دەربەدەربوونی نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کەس و کوشتوبڕی دەیان کەس و تەقاندنەوەی ماڵ و موڵکی کوردان بەتایبەتی لە دوزخورماتوو کە ئەمەش بۆ خۆی پێشێلکردنێکی زەق و مەترسیداری قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤە...

ئەم بارو رەوشە، لە چەند سەرێکەوە، واقیعێکی نوێی لەگەڵە خۆیدا هێناوەتە کایەوە. سەربار کوردستان بۆ خۆی، پێشتریش بەدەست چەندین کێشەی دیکەی ناوخۆیی گرفتار بوو؛ وەك نەسازان و پێك نەکردنی حزبە سیاسییەکان

**پێویستە پارلەمانی کوردستان بەگوڕتر بێ و لەو قاوغە متبووەی خۆی بێتە دەرێ و بە ئەرکی پارلەمانی خۆی لە بواری یاسادانان و چاودێری رابێ و هاوکارێکی باشی خۆڕاگرتن و هەستانەوەی خەڵکی کوردستان بێ**

**سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی سەریان لە زۆرینەی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان داو لە نزیکەوە گوێیان بۆ پاکێج و پلان و بەرنامە و داواکانیان هەڵخست...وەک دەردەکەوێ، ئەم حکومەتەی ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە، دەست بە کابینەکەی خۆیدا بهێنێتەووە خۆی (تەرشیق) بکا**

**حکومەتی عێراق هەوڵ دەدا کەڵک لە ناڕێکیی ناوماڵی کوردو کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان وەربگرێ، بە ئاراستەی دەستی پێکردن و هێشتنەوەی باری ئاراو، دابڕ دابڕکردنی هێزەکان و گوتنەوەی هەندێ بەڵێنی بێ کردار**

**حکومەتی ئێستەی هەرێمی کوردستان، یەکجێ دوای ئەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بەگوێرەی دەستوور دانوستان لەگەڵ بەغدایا بکا و لەهەمانکاتدا باوەگۆی لێکدانەوەکەی دادگەی باڵای فیدراڵی دایەوە سەبارەت بە مادده ١ی دەستووری عێراق. ئەم بەتەنگەوەهاتنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە جێگەی ڕەزامەندیی ئەمریکا، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپی کە لەم ماوەیەدا بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، جەخت لەسەر مافە دەستوورییەکانی کوردان لە عێراقدا لە ڕێگەی دانوستاندن دەکەنەوە**

لەگەڵ یەکدیدا، پەککەوتنی پارلەمانی کوردستان لە ناوەڕاستی ٢٠١٥ەوە، کێشە، یان قەیرانی ئابووری و کەمبوونەوەی توانای حکومەت لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران، ڕاوەستانی پرۆژەکانی پرۆسەی پەرەپێدان، کێشەی گەندەڵی، بێ کارەبایی، بێ سووتەمەنی و کێشەو بێشەی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم لە هاوینی ٢٠١٥ داو هیتریش وەك دەلەمەیی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کە بەداخەوە لە یەکەمین پێشهاتدا لە ١٦ی ئوکتۆبەرەوە، لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبی لێکبوونەوە. ئێستەش مەترسیی سەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی و بەکورتی مەترسیی نەمانی یەکەیەکی ئیداری- سیاسی لەناو عێراقدا بەناوی هەرێمی کوردستان بێ بنەما نین و تەنانەت هەندێ دەنگی ناڕەوا، لێرەو لەوێ بەرزدەبێتەوە کە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن پشکی پارێزگاکانی کوردستان لە بودجەی ساڵانەدا بەجیا دابەش بکرێ. بەکورتی تووشی پاشەکشەیەکی کاتی (تۆ کەیفی خۆتە چ ناوێکی دیکەی لێ دەنێی) هاتووین و ڕەوشێکی نە شەڕ نە ئاشتی هاتووەتە ئاراوە کە ئەگەری تەقینەوەو پێکدادانیش هەرتم لە ئارادایە، ئەگەر فشاری نێودەوڵەتی لەسەر بەغدا نەبێ و ڕێگەی پێ نەگیرێ.

لەبەرانبەردا، حکومەتەکەی عەبادی وەك لایەنی براوەی شەڕ ڕەوتار دەکاو هەوڵ دەدا بەدەر لە دەستوور، مەرجەکانی خۆی بێ ئەملاو ئەولا، بێ دانوستان و هیچ هەق و حیسابێکی دەستووری، بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ و تا ئێستە کۆمەڵێ بڕیارو ڕێوشوێنی زاڵمانەو ناشایستەی دوور لە ژیانی هاوبەش و بەیەکەوە هەڵکردنی دەرهەق بە گەلی کوردستان گرتووەتەبەر بەبیانووی ریفراندەمەکەی ٢٥ی ئەیلوولەوە...

پارلەمانی کوردستان کە ویلایەتەکەی لە ٦ی ١١ی ٢٠١٧دا بەکۆتا دەهات، بۆ ماوەی دوو خولی گرێدان، ویلایەتەکەی خۆی درێژکردەوەو هاوبەند لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا سەرۆك بارزانی لە پەیامێکی خۆیدا ڕەتیکردەوە درێژە بە ئەرکی سەرۆکایەتیی فەرمیی خۆی بداو ئەمانەتەکەی ڕادەست کردەوە. لەم سۆنگەیەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بەپێی قانوونی ژمارە ٢ی «دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم»، بەسەر هەر سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی هەرێم؛ پارلەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریدا دابەشکرانەوە.

لە ٣٠ی ١٠دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا پشتەوانی خۆی بۆ بوونی حکومەتێکی بەهێزی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و یەکگرتوودا دووپاتکردەوە کە دوو ئەرك ڕابپەڕێنێ؛ دەستکردن بەدانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەگوێرەی دەستوور بۆ سەروبەرکردنی پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەردوو لا و، دووەم زەوینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨. هەر لەو بەیاننامەیەدا، داوا لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان-یش کرابوو کە پشتەوانی لەو حکومەتە بکەن.

حکومەتی ئێستەی هەرێمی کوردستان، یەکجێ دوای ئەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بەگوێرەی دەستوور دانوستان لەگەڵ بەغدایا بکا و لەهەمانکاتدا باوەگۆی لێکدانەوەکەی دادگەی باڵای فیدراڵی دایەوە سەبارەت بە مادده ١ی دەستووری عێراق. ئەم بەتەنگەوەهاتنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە جێگەی ڕەزامەندیی ئەمریکا، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپی کە لەم ماوەیەدا بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، جەخت لەسەر مافە دەستوورییەکانی کوردان لە عێراقدا لە ڕێگەی دانوستاندن دەکەنەوە.. لێ وەك لە سەرێ ئاماژەی پێکرا، ئەوە لایەنی بەرانبەرە کە تا ئێستەش مەرج دوای مەرج دێنێتە گۆڕێ و ئامادەی کۆبوونەوەو دانوستاندن و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووك و دوزو ناوچەکانی دیکە نەبووە، لەو بنەتایەوە کە عەبادی پێیوایە هاوسەنگی هێز لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە قازانجی بەغدا گۆڕاوە!

لەهەمانکاتدا حکومەتی عێراق هەوڵ دەدا کەڵك لە ناڕێکیی ناوماڵی کوردو کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان وەربگرێ، بە ئاراستەی دەستی پێکردن و هێشتنەوەی باری ئاراو، دابڕ دابڕکردنی هێزەکان و گوتنەوەی هەندێ بەڵێنی بێ کردار!

لەم بەینەدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەو تەحەددییانە، لەکاتێکدا کە هەلومەرجێکی نە شەڕ نە ئاشتی لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، کۆمەڵێ ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ دەرچوون لەم تەنگژانە، دەخرێنە روو وەك هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستە و دامەزراندنی حکومەتێکی رزگاری نیشتمانی، یان حکومەتێکی کاتی، یان هەوڵدان بۆ هێنانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ناو حکومەتەکەی ئێستە، یان هێشتنەوەی رەوشی ئارا تا هەڵبژاردنێکی دیکە...

لەم پێناوەدا، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی سەریان لە زۆرینەی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان داو لە نزیکەوە گوێیان بۆ پاکێج و پلان و بەرنامە و داواکانیان هەڵخست... وەك دەردەکەوێ، ئەم حکومەتەی ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە، دەست بە کابینەکەی خۆیدا بهێنێتەوەو خۆی (تەرشیق) بکا، دووەم لەگەڵ ئەوەدایە کە سەرجەم حزبە سیاسییە سەرەکییەکان بەشداری حکومەت بکەن و لەم رێگەیەوە پشتیوانیی ئەوان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.. بەو مانایەی کە بەرەی ناوخۆی کوردستان سازبدرێتەوەو سەرجەم وزەو تواناکان یەکبخرێنەوە و حکومەت بەیەکدەنگ و لەسەر ئەساسی روئیایەکی روونی سیاسی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێشهات و رووداوەکاندا بکات و، پێکەوەش بەرەو هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەرد هەنگاو بنێنەوە کە شەرعییەتی حوکمڕانیی تێدا تازە بکرێتەوە بۆ قۆناخی ئایندە. بەڵام وەك تێبینی دەکرێ، بێ متمانەییەك لەنێوان حزبەکاندا لەراست ئەو ئەلتەرناتیڤانەدا هەیە کە ئەمەش دۆخەکەی بە هەڵواسراوی هێشتووەتەوە.

لێ ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم ناوەدا، کەمتر قسە لەسەر بەرنامە، یان ئەرك و وەزیفەی حکومەت لەم چەند مانگەی لەپێشمان ماوە دەکرێ. واتە ئەم حکومەتە یان هەر حکومەتێکی دیکە لەم ماوە کەمەدا چی پێ دەکرێ؟ هەقە لێرەدا رەچاوی رەوشی ئێستە و ئالنگارییەکان و بەرپرسیارەتی گرتنە ئەستۆ بکرێ.

گرنگترین شت ئەوەیە:

یەکەم: شونەوارو دەرکەوتە چەوتەکانی ١٦ی تشرینی یەکەم لە رادەیەکدا رابگیرێن و کەمبکرێنەوەو رێ لە دوو ئیدارەیی بگیرێ و ئەو هەوڵانە پووچ بکرێنەوە کە دەیانەوێ قەوارەیەکی ئیداری- سیاسی بەناوی هەرێمی کوردستان بە هەموو دامودەزگاکانیەوە نەمێنێ و بگەڕێینەوە بۆ لا مەکەزیی ئیداری.

دووەم: راگرتنی پەلامارو پڕکێشی عێراقە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئابلووقەدان و کەمکردنەوەی ماف و دەسکەوتەکانی چەند ساڵەی ئەم هەرێمەیە.

سێیەم: پاراستنی باری تەناهی و ئاسایشە لە کوردستاندا، واتە رێگرتن لێ بێ سەروبەریی.

چوارەم: پێکهێنانی وەفدێکی هاوبەشی حکومەتە بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەگوێرەی دەستوور بەتایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی بە بەشە بودجەی کوردستان و چاککردنەوەی باری گوزەران و بژێوی خەڵکەوەیە...

پێنجەم: رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەك کە شونەوارە چەوتەکانی رابردوو تێبپەڕێنێ.

لەم ماوەیەشدا، پێویستە پارلەمانی کوردستان بەگوڕتر بێ و لەو قاوغە متبووەی خۆی بێتە دەرێ و بە ئەرکی پارلەمانی خۆی لە بواری یاسادانان و چاودێری رابێ و هاوکارێکی باشی خۆڕاگرتن و هەستانەوەی خەڵکی کوردستان بێ...

لەئاستی ناوچەییشدا، تا ئەودەمەی بۆمان دەکرێ و دەلوێ، نەچینە ناو میحوەرو میحوەرکاریی وڵاتە ئەقلیمییە پێکناکۆکەکانەوە. چونکە وەك ساغ بۆوە، وڵاتان لە پێگەیەکی بەهێزتردان و نابێ ببینە پێخۆری شەڕ و ململانەی ئەوان کە بە قازانجی میللەتەکەمان نەبووەو نییە. بەڵام دەکرێ بە پێوەندییەکانماندا بچینەوە، چ لەگەڵ تورکیە، چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ دنیای دەرەوەدا. با دروشمی ئێستەمان، پاراستنی خەڵك و بەرژەوەندییەکانیان و ئەو قەوارە سیاسییەی کوردستان بێ کە بە قیمەتێکی زۆر بنیادمان ناوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خەڵکی کوردستان ئەگەر پرسی پێ بکرێ و بە ئازادانە دەنگ بداو ئیرادەی خۆی دەربڕێ وەك رۆژی ٢٥ی ٩، ئەوا دەیەوێ سەربەخۆ بێ.

**حکومەتەکەی عەبادی وەک لایەنی براوەی شەڕ رەوتار دەکاو هەوڵ دەدا بەدەر لە دەستوور، مەرجەکانی خۆی بێ ئەملاو ئەولا، بێ دانوستان و هیچ هەق و حیسابێکی دەستووری، بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ و تا ئێستە کۆمەڵێ بڕیارو رێوشوێنی زاڵمانەو ناشایستەی دوور لە ژیانی هاوبەش و بەیەکەوە هەڵکردنی دەرهەق بە گەلی کوردستان گرتووەتەبەر**

**تووشی پاشەکشەیەکی کاتی (تۆ کەیفی خۆتە چ ناوێکی دیکەی لێ دەنێی) هاتووین و رەوشێکی نە شەڕ نە ئاشتی هاتووەتە ئاراوە کە ئەگەری تەقینەوەو پێکدادانیش هەرتم لە ئارادایە، ئەگەر فشاری نێودەوڵەتی لەسەر بەغدا نەبێ و رێگەی پێ نەگیرێ**

**تا ئێستەش مەترسیی سەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی و بەکورتی مەترسیی نەمانی یەکەیەکی ئیداری- سیاسی لەناو عێراقدا بەناوی هەرێمی کوردستان بێ بنەما نین و تەنانەت هەندێ دەنگی نارەوا، لێرەو لەوێ بەرزدەبێتەوە کە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن پشکی پارێزگاکانی کوردستان لە بودجەی ساڵانەدا بەجیا دابەش بکرێ**



# ریفراندۆم ...
# پەردەی دیکتاتۆریەتی
# لە رووی حکومەتی عێراق هەڵماڵی

## پاریس پێش هەمووان لەوە تێدەگات
## بانگەشەی بەغدا بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی
## گەڕانەوەیە بۆ دیکتاتۆریەتی شیعەگەرایی


پاریس
Paris

**لەم حاڵەتەدا گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای جێبەجێکردنی دەستوور لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ ئەوەی مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، گرنگە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش دەربکات بۆ ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراقیش وەک حکومەتی بەعس و سەدام لغاوگێر بکرێن و نەتوانن بە هێزی سەربازی هەڕەشە لە کوردستان بکەن**

**لە ساڵی ١٩٩١ جیهان گەیشتە قەناعەت کە هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هۆکارەکەی لایەنی کوردستانی نییە، بەڵکو دڕندەیی سەدام و حزبی بەعسە کە هیچ مافێک بە کوردستان رەوا نابینن، بۆیە دوای ئەوەی لە ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدرا بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، دژایەتییان نەکرد**

دانانی ئاڵای کوردستان و عێراق هاوشانی ئاڵای فەرەنسا و یەکێتی ئەورووپا بۆ پرێس کۆنفرانسی هاوبەشی ئیمانوئیل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و هەروەها نووسینی بەرواری پریس کۆنفرانسەکە بە زمانی کوردی و فەرەنسی لە شوێنی قسەکردنی هەردوو سەرۆك، دیمەنێکی پیشانداین کە بە زیاتر لە هەزار وشە دەرنابڕێت، ئەم دیمە پێمان دەڵێت: تێگەیشتن و بۆچوونی فەرەنسا بۆ عێراقێکی فیدراڵی و ڕێزگرتن لەمافەکانی هەرێمی کوردستان لەناو دەستووری عێراقدا لە چ ئاستێکدایە، لەمەش زیاتر ئەم دیمەنە تێگەیشتنی فەرەنسا بۆ چەمکی فیدراڵیەت و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان پیشاندەدات، واتە ئەو فیدراڵیەت و پێکەوەژیانە ئارەزوومەندانەیە پێویستی بە میکانیزم و ڕێزگرتن و پابەندبوون بەو دەستوورە هەیە کە فیدراسیۆنەکەی لەسەر دامەزراوە، ئەوجا فیدارسیۆنی یەکێتی ئەورووپا بێت، یان فیدراسیۆنی یەکێتی عێراق. هیچ جیاوازییەکی نییە و بەبێ پابەندبوون و ڕێزگرتن لە دەستوور، ئەو فیدراسیۆنە بوونی نابێت.

سەرۆك ماکرۆن دوای کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان و لەمیانەی گوتەکانی لە پرێس کۆنفرانسە هاوبەشەکە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، فەرەنسا رێز لە سەروەریی و یەکێتی خاکی عێراق بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق دەگرێت و دەبێت تەواوی ماددەکانی ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، بە ماددەی ١٤٠یشەوە کە کێشەی کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان، یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات، لەمەش زیاتر سەرۆکی فەرەنسا ئاماژەی بەو ماددانەی دیکەی ناو دەستووری عێراق کرد کە ئێستا بە هۆی جێبەجێ نەکردنیانەوە کێشە لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بووە، هەربۆیە راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت داهاتی عێراق بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت و گەمارۆکانی سەر کوردستان هەڵبگیرێن. سەبارەت بە کێشەی دەروازە سنوورییەکان و هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان، ماکرۆن ئاماژەی بەوە کرد کە سەرۆك وەزیرانی کوردستان ئامادەباشی حکومەتەکەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەچوارچێوەی دەستووری عێراق پیشانداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی بەغدا هیچ بیانوویەکی لەبەردەستدا نامێنێت بۆ ئەوەی هێزەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی لەو ناوچانە بهێڵێت و دەبێت ئەو میلیشیایانە هەمووی بکشێنەوە. سەبارەت بە پێشوازیی فەرمی و پرۆتۆکۆلی سەرۆك ماکرۆن-یش لە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی ئەلیزی، سەرۆکی فەرەنسا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، ئێمە وەك حکومەتێکی شەرعی پێشوازیمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پێش نزیکەی دوو مانگیش بە هەمان شێوە پێشوازیمان لە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە، بۆیە فەرەنسا هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بە دوو حکومەتی شەرعی دەزانێت و لەم چوارچێوەیەشدا مامەڵە لەگەڵ هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراق دەکات. پاش ئەم دیدارەش سەرۆك ماکرۆن ئەوەشی راگەیاند کە خۆی تەلەفۆن بۆ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات و ئاکامی کۆبوونەوەی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستانی لەگەڵدا باس دەکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا وتووێژەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەست پێبکەن.

لێرەوە ئیدی دەکرێت بڵێین: هەڵوێستی نەرم و لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری و تێگەیشتنی نێودەوڵەتی لە ئاستی پاپەندبوونی کوردستان بەدەستوورەوە، تۆپەکەی فڕێداوەتە گۆڕەپانی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی و ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕێی ئەوەیە کە گوێیان لە وەڵامی حکومەتی عەبادی بێت، بەوەی ئایا دەتوانێت بەتەواوی ئامادەباشی خۆی پیشانبدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکات، یان دەیەوێت واقیعی سەپێنراو بەهێزی سەربازی بکاتە ئەمری واقیع لەسەر بنەمای (براوە و دۆڕاو) مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات؟ لەگەڵ ئەوەی هێشتا نازانین کە حکومەتی عێراق چۆن وەڵامی ناوبژیوانییەکەی ئیمانوئیل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا دەداتەوە، بەڵام بەپێی ئەو قسەو لێدوانە توندانە بێت کە لەدوای ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی رابردووەوە عەبادی بەرامبەر کوردستان دەیدات، پێدەچێ نەتوانێت ئامادەباشی حکومەتەکەی بۆ پابەندبوون بەدەستووری عێراقەوە

پیشانیدات، ئەو پێداگیرییەشی لەسەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا، تەنیا ئامانج لێی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسی لەناو عێراقدا بسڕێتەوە، نەك ئامانجی ئەوە بێت کە عێراق ئەو دەوڵەتە فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانییە بەهێزە بێت کە هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەمیش حکومەتی فیدراڵی دوو حکومەتی بەهێز بن لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا.

ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئاشکرا و راشکاوانە، هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا سەبارەت بە پابەندبوون بەدەستووری عێراقەوە دەبینێت و کاتی ئەوە هاتووە ببنە دادوەر و شاهید لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە کۆدەنگی پەسەند کراوە. بە دیوێکی دیکە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیر و پشتیوان بێت بۆ دەستووری عێراق، لە هەمانکاتدا بێلایەن و شاهید بن لە نێوان بەغداو هەولێر، بۆ ئەوەی بەو دەستوورە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر یەك لەم دوو حکومەتە هەولیدا خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەیەکی ئەو دەستوورە بدزێتەوە، یان پابەند نەبێت پێوەی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچاری بکات کە پێوەی پابەند بێت و جێبەجێی بکات.

### ● جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کۆتایی عێراقی شیعەگەرایە

بەهەڵە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی رابردووی کوردستان لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، بەوەی گوایە هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا هەمووو مافەکانی بۆ دابینکراوە و وەك سکۆتلەندا و کەتەلۆنیا هەستێکی ناسیۆنالیزمی هاندەری بووە بۆ ئەوەی لە فیدراڵیەتەوە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرەکیی پەنابردنی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بێ ئومێدبوونی خەڵکی کوردستان بووە لە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی ناو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، هەر بۆیەش بیرۆکەی پەنابردن بۆ ریفراندۆم لەو کاتەوە سەریهەڵدا، کە لە سوێندخواردنی ئەندامانی کابینەی دووەمی نوری مالیکی، وشەی فیدراڵیەتیان لە سوێندەکە لابرد و پاشان دوای ئەوەی جارێکی دیکە وشەی عێراقی فیدراڵی دانرایەوە، سوێندەکەیان پێ دووبارە کردنەوە، لەمەش زیاتر خودی کابینەکە لەبەر رۆشنایی رێککەوتنی هەولێر بە سەرپەرشتی سەرۆك مسعود بارزانی پێکهێنرابوو کە ١٩ خاڵی لەخۆی گرتبوو بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، هەر بۆیە کاتێك نوری مالیکی هەر ١٩ خاڵەکەی رێککەوتنەکەی پشتگوێ خست و پشتی لە دەستوورەکە کرد و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاوی هەڵگرت، کوردستان ناچار بوو بیر لە بەدیلێکی دیکە بکاتەوە، بێگومان ئەو بەدیلەش گەرانەوەیە بۆ رای خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن. ئەم واقیعە پێمان دەڵێت ئەگەر دەستووری ٢٠٠٥ جێبەجێ بکرایە، ئەسڵەن هۆکارێك نەبوو بۆ ئەوەی کوردستان بڕیاری ریفراندۆم بدات، ئێستاش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ریفراندۆم هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەگەر دیسان حکومەتی عێراق ئامادە نەبێت تەواوی دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەوا بێجگە لە بەدیلی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، بژاردەیەکی دیکە بۆ کوردستان نییە، لەم حاڵەتەشدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێدەگات کە کوردستان بۆ رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەت پەنای بۆ ریفراندۆم بردووە، لە دۆخێکی واشدا کوردستان ئەوا دەکەوێتە بەردەم دوو بژارە، یان ئەوەیە دەبێت پشتگیری لە دیکتاتۆریەتی شیعەگەرایی بەغدا بکات، کە ئەمەیان پێچەوانەی هەموو داب و نەریت و یاسایەکی نێودەوڵەتییە، یان دەبێت پشتگیری لە رای خەڵکی کوردستان بکات، کە ئامادە نییە ملکەچی دیکتاتۆریەت بێت. بۆیە بە راشکاوی پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەرپرسیارانە لەو واقیعەی نێوان کوردستان و عێراق تێبگات، کە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بڕیاردانی گەلی کوردستانە لە نێوان دیکتاتۆریەت و ئازادی، نەك بڕیاردان بێت لە نێوان مافە دەستوورییەکانی نەتەوەیەك لەچوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی و خواستێکی ناسیۆنالیستی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

لایەنێکی دیکەی تێگەیشتنی هەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ واقیعی عێراق و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق ئەوەیە، ئەوان هەتا ئێستاش بەوجۆرە تێگەیشتوون کە حکومەتی بەغدا

**بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لەساڵی ١٩٩١ بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام و ناوچەی دژەفڕین لەسەرووی هێڵی ٣٦ بۆ کوردستان دەرچوو، وەڵامدانەوەی ئەو ئیرادەیە بوو کە خەڵکی کوردستان لە کۆڕەوی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ پیشانیدا، ئەوکات کۆڕەو وەک ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ بە جیهانی ڕاگەیاند، مردن هەڵدەبژێرین و هەموو پێکەوە وڵات بەجێ دەهێڵین، بەڵام ناگەڕێینەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری**

**لایەنی سەرەکی و براوە لەشەڕی دژی داعش و لەو پیلان و هێرشەی کرایە سەر کوردستان، هەتا ئێستا بەپلەی یەکەم ئێرانە و لایەنی سەرەکیی زیان لێ کەوتووش لەم شەڕەدا، ئەمریکا و هاوپەیمانان و گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراقە، لەم حاڵەتەدا، یان ئەوەتا دەبێت ئەمریکا و هاوپەیمانان و گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراق، تەسلیمی ئیرادەی ئێران بن، یاخود دەبێت پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی عێراق لە نفووزی ئێرانی پاکتاو بکەن**

**پێدەچێ حەیدەر عەبادی وەک سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدارێکی کەم ئەزموون، هێشتا ئیرادەی خەڵکی کوردستانی نەناسیبێت، لەبەر ئەوەی راستە حکومەت و خەڵکی کوردستان رێگەچارەی دیالۆگ و ئاشتییانە زۆر بە باشتر لە رێگەچارەی شەڕ و توندوتیژی دەزانێت، بەڵام رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتیش ئەوجا باجەکەی هەرچەندێک بێت، ئامادەیە باجەکەی بدات و ئامادە نابێت خۆی تەسلیمی گوشارەکانی حکومەتی عێراق و عەبادی بکات**

**تەواوی جومگەکانی ئەوەی لە عێراقدا پێی دەگوترێت دامەزراوەی دەوڵەت لەلایەن هێزە پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵ کراون، بەمەش عەبادی جگە لە نمایشکارێکی سێرکی سیاسی شتێکی دیکە نییە**

بەتایبەتی هێز و لایەنە شیعەکان ئامادەباشییان هەیە بۆ ئەوەی تەواوی ماددەکانی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن و ئەوە لایەنی کوردستانە کە لەو مافە دەستوورییانە زیاتر دەخوازێت و نایەوێت ئەو دەستووره جێبەجێ بکرێت. ئەوانەی بە وردی لە نییەت و مەبەستەکانی حکومەتی عێراق و بۆچوونی هیز و لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ حوکمڕانی لە عێراقدا تێدەگەن، بەداخەوە ئەو خەڵکانەن کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی فەرمیی وڵاتانی ئەمریکاو فەرەنساو دەوڵەتانی دیکەی یەکێتی ئەورووپان، لەبەر ئەوەی لای هێز و لایەنە سیاسیەکانی شیعەی عێراق ئەوەی جێگەی بایەخ نەبێت، ئەو دەستوورەیە کە لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ عێراق نووسراوەتەوە، ئەوەی جێگەی رێزگرتن نەبێت، چەمکی فیدراڵیەت، یان دووبارە رێکخستنەوەی عێراقە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی، بەڵکو کێشەی سەرەکیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق کە ئێستا بوونەتە زۆرینە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەوەیە کام لایەنیان زیاتر دژی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بێت، ئەو لایەنە زیاتر پێگەی بەهێز دەبێت و هەڵبژاردنەکان دەباتەوە، هەر لایەنێکی سیاسیش باس لەوە بکات کە پێویستە ئەو دەستووره جێبەجێ بکرێت و هەموو عێراقییەکان بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە بە خۆشگوزەرانی و یەکسانی بژین، ئەوا لەناو جەماوەری شیعەی عێراقدا ئەو لایەنە سیاسییە لەناو پرۆسەی سیاسیدا بوونی نابێت و لە هەڵبژاردنەکاندا دەپووکێتەوە. لەمەش زیاتر ئێستا لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقدا پرسی گرنگ و جێگەی بایەخ ئەوەیە کە چۆن فەرماندەکانی حەشدی شەعبی ببنە پەرلەمانتاری عێراق و لەوناو تەلاری پەرلەمانەوە دەستووری عێراق هەموار بکەنەوە و بیکەنە کۆپی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بگۆڕن بۆ کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا.

ئەگەر لێرەدا گریمانەی ئەوە بکەین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتە پاڵپشت و بەرگریکار بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا حکومەتی عێراق ئەو توانایەی هەیە کە نوێنەرایەتی هەموو هێز و لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە دەستوورەکە جێبەجێ بکەن؟ ئایا شەخسی حەیدەر عەبادی کە ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراقە توانای ئەوەی هەیە بەرامبەر یەکێك لەفەرماندەکانی حەشدی شەعبی رابوەستێت کە لە نیویاندا ١٧ پەرلەمانتاری شیعەی عێراق ئێستا بە کردەیی لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبین و تەفەرغویان پێکراوە بۆ سەرپەرشتی هێزەکانی حەشدی شەعبی؟ ئایا هەموو فەرماندە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بڕوایان بە دەستوورەکە هەیە، هەتا بتوانرێت وتووێژ و دیالۆگیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو دەستووره لەگەڵ بکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە نەك هەر کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی هەر یەکێکیان کۆمەڵێك ئاستەنگ و کێشەی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە چارەسەرکردنیان نەك هەر ئاسان نییە، بەڵکو شێوە مەحاڵێکە. لەمەش خراپتر بڕیاردان بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکە هێندەی فەرماندەکانی سوپای پاسداران و هێزی قودس تیایدا باڵادەستن، هێندە حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق تیایدا باڵادەست و یەکلاکەرەوە نابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ئەو وەهمە سیناریۆکانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی دارشتووە، کە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانێکی بەهێزە و توانای جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی هەیە و دەبێت پشتگیری لێ بکرێت، بەڵام لە باری واقیعدا، د.حەیدەر عەبادی نەك هەر سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز نییە، بەڵکو خاوەنی هێزێکی سیاسی ئەوتۆ و هێزێکی سەربازی و جەماوەریی ئەوتۆش نییە کە بتوانێت تەحەددای فەرماندەی میلیشیایەکی حەشدی شەعبی بکات، نەك تەحەددای فەرماندەکانی سوپای پاسداران و قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بکات.

ئەوانەی کار لەسەر سیاسەت و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ستراتیژیەتی سوپای پاسداران بۆ دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاسایشی نەتەوەیی لەو دیوی سنوورەکانی ئێرانەوە دەست پێدەکات و لە ئێستادا سوپای پاسداران ٤ پایتەختی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیرکردووە کە

بریتیـن لـە (بەغـدا، دیمەشـق، بەیـروت و سـەنعا)، هەر بۆیە کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکات، ئەمە رێك وەك ئەوەیە کە شەڕێکی راستەوخۆ دژی سوپای پاسداران رابگەیەندرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێستا وەکیلەکانی سوپای پاسداران لەم چوار پایتەختەدا کاریگەری تەواویان لەسەر پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتانە هەیە، ئەوا بەهیچ شێوەیەك سوپای پاسداران رێگە نادات کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە پیشان بدەن، لەم حاڵەتەدا کە ئێستا واقیعی حاڵی پرۆسەی سیاسییە لە عێراقدا، ئەوا دەبێت ئەو دەستوورەی کە کراوە بە پەردەیەك بۆ دیکتاتۆریەتی شیعەگەرا لە عێراقدا، دەبێت ئەو پەردەیە هەڵمباڵدرێت و هەموو جیهان لەو راستییە تێبگات کە حکومەتی عێراق ناتوانێت دەستووری دەوڵەتەکەی خۆی جێبەجێ بکات و، ئیدی عێراق کۆتایی هاتووە، یان ئەوەتا دەبێت سیاسەتی شیعەگەرایی لە عێراقدا لغاوگیر بکرێت و کۆتایی پێبهێنرێت، یان دەبێت رێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بگیرێت و کۆتایی بە عێراق بهێنرێت.

**● دژایەتیکردنی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنەکانی شەڕی دژی داعشی کرد بە خەڵاتی سوپای پاسداران**

هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش بەگشتی و فەرەنسا و ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا بەتایبەتی، دەزانن سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، خودی نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی نەخۆشییەکی دیکە کە ئەویش پیادەکردنی سیاسەتی شیعەگەراییە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و لەژێر کاریگەری هەژموون و باڵادەستیی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا.

باڵیۆز رایان کرۆکەر کە سەرۆکی تاسکفۆرسی راپۆرتی عێراق بوو لەساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ لە ئامۆژگای ئەتلەنتیك بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك وەك پێشنیار بۆ سیاسەتی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق، لە پەنێڵێکی ئامۆژگای ئەتلەنتیك لەسەر ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە دەڵێت: ئێران شەڕی دژی داعشی قۆستەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە عەرەبی سوننەی عێراق، لەبەر ئەوەی ئێران، عەرەبی سوننەی عێراق بە فاکتەری سەرەکیی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەزانێت، بۆ ئەمەش توانی زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی بە عەرەبی سوننەی عێراق بگەیەنێت و هەموو شارەکانیان کاول بکات و تەسلیمی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بکات، بۆیە شەڕی دژی داعش فرسەتێك بوو بۆ ئێران بۆ ئەوەی مەرامەکانی خۆی تێدا بێنێتەدی.

پرۆفیسۆر مایکل نایتس توێژەری باڵای سیاسەتی بەرگری و ئاسایش لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لە کۆبوونەوەیەکی گوێگرتنی کۆنگرێسدا، کە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بۆ گوێگرتن لە هەڕەشەکانی ئێران لەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆی رێکخستبوو، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو مەترسییانەی ئێران لەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کردووە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە سوپای پاسداران بەو ئاستە بەهێزە، بەڵکو بۆ ئەو بارودۆخە دەگێڕێتەوە کە بۆتە هۆکاری ئەوەی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی زۆر بەهێز دەربکەون. پرۆفیسۆر نایتس دەڵێت: لە ماوەی سێ ساڵی شەڕی دژی داعشدا، تەواوی فرۆکەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، رۆڵی هێزی ئاسمانیان بۆ سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە سووریا و عێراق گێڕاوە، ئەو هاوکارییە سەربازییانەی کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژی داعش داویەتی بە عێراق، ئێستا بەشی هەرە زۆریان بە دەستی ئەو میلیشیایانەی حەشدی شەعبییەوەن کە راستەوخۆ لەلایەن فەرماندەکانی سوپای پاسداران و حزبوڵای لوبنانییەوە هەڵدەسووڕێنرێن.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا و فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی، لەم حاڵەتە بێئاگا بوون کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەو ئاستە بارودۆخی شەڕی دژی داعشی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستا خۆی بە براوەی تەواوی سەرکەوتنەکانی شەڕی دژی داعش بزانێت و لەمەش زیاتر هەڕەشە لە ئەمریکا و رۆژئاوا بکات، بەوەی دەبێت کە دوای ئەوەی شەڕی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە شەڕی

**هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش بەگشتی و فەرەنساو ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی، دەزانن سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، خودی نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی نەخۆشییەکی دیکە کە ئەویش پیادەکردنی سیاسەتی شیعەگەراییە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و لەژێر کاریگەری هەژموون و باڵادەستیی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا**


**ئێستا لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقدا پرسی گرنگ و جێگەی بایەخ ئەوەیە کە چۆن فەرماندەکانی حەشدی شەعبی ببنە پەرلەمانتاری عێراق و لەوناو تەلاری پەرلەمانەوە دەستووری عێراق هەموار بکەنەوە و بیکەنە کۆپی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بگۆڕن بۆ کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا**



دژی داعش، لە ئامانجی ئێران لەشەڕی دژی داعش خافڵگیر نەبوون، بەڵام لە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەو تێکشکاندنی داعشدا سەریان لێ تێکچووبوو، ئەمە وایکرد کە چاوپۆشی بە ئاستێك لە سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی بکەن کە خۆیان لە راپۆرتی میوشن بۆ ئاسایش لە ساڵی ٢٠١٧ راشکاوانە ئاماژەیان پێکردووە، بەوەی ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناخی پۆست رۆژئاوایە، ئەمەش بەو مانایەی رۆژئاوا نەیتوانیوە لەئاستی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵی پێویست بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بگێڕێت، بەڵام رووسیا زۆر لە رۆژئاوا باشتر توانی جڵەوگیری شەڕی سووریا بکات و لەدەستی هەموو لایەکی دەربێنێت و لەم هەوڵەیدا رووسیا سەرکەوتوو بووە و رۆژئاواش هێندەی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور کەوتەوە.

بۆ ئێستای عێراق کە ئەمریکا و فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا نایانەوێت، عێراقیشیان وەك سووریا لەدەست دەربچێ، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە بەپێی دەستوور عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە و نفووزی ئێرانی تێدا پاکتاو بکەن، بۆ ئەم هەوڵەشیان گرەوی گەورەیان لەسەر ئەوە کردووە کە حەیدەر عەبادی کە بە رووکەش وا خۆی نمایش کردووە، گوایە ئەو زیاتر سیاسەتمەدارێکی نیشتمانپەروەرە، نەك عەقائیدی شیعە، دەتوانرێت بەرەو وڵاتانی عەرەبی و کەنداو رابکێشرێت و لە ئێران دووربخرێتەوە، ئەم گریمانەیە کە رۆژئاوا گرەوی لەسەر دەکات، لەوانەیە لە رووی تیۆرییەوە وەك رێگەیەك بۆ لغاوگیرکردنی نفووزی ئێران لە عێراقدا بەسەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێت، بەڵام لە باری کردەییدا، بوارێك بۆ حەیدەر عەبادی نەماوەتەوە کە بتوانێت ئەم گریمانەیەی تێدا جێبەجێ بکات و تەواوی جومگەکانی ئەوەی لە عێراقدا پێی دەگوترێت دامەزراوەی دەوڵەت لەلایەن هێزە پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵ کراون، بەمەش عەبادی جگە لە نمایشکارێکی سێرکی سیاسی شتێکی دیکە نییە.

لەوانەیە جەختکردنەوەی رۆژئاوا لەسەر عێراق



بۆ ئەوەی ببێتەوە بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی بەپێی دەستووری عێراق، وەك راستکردنەوەی هەڵەیەکی گەورەی رۆژئاوا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق سەیری بکرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا رۆژئاوا، یان ئەمریکا ئەو ئامادەباشییەی هەیە کە میکانیزمی راستکردنەوەی ئەم هەڵەیە دابین بکات و پابەندبوونی خۆی بۆ ئەم ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێت؟

سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە هەموو ئەو پسپۆڕ و دیپلۆماتکار و توێژەرانەی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە هەر یەك لە عێراق و ئێران کاردەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، دەوڵەتی عێراق وەك ئەو دەوڵەتەی کە ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز و سەقامگیر و فیدراڵی و دیموکراتی، پێویستی بەوەیە بە دوو جۆر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یەکەمیان ئەوەیە دەبێت بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەجیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە نفووزی ئێرانی پاك بکرێتەوە و بکرێتە دەوڵەتێکی پێکەوەژیان لەنێوان عەرەبی سوننە و شیعە، پاش ئەوەی عێراقی عەرەبی سیمای دەوڵەتی وەبەردا هاتەوە، ئەوکات دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن کوردستان و عێراق رێکدەخرێتەوە، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی ئەم زەمینەیە دروست بێت، قاسم سولەیمانی بە دارِشتنی پیلانی هێرشکردنە سەر کوردستان و داگیرکردنی کەرکووك لە شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو، پرسەکەی بە شێوەیەك شێواندووە کە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عێراق و کوردستان بکاتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی ئاسان نییە و حکومەتی عێراق دەخاتە بەردەمی بژارەیەك کە دەبێت جێبەجێکردنی دەستوور وەك خواردنەوەی پەرداخێك ژەهر سەیر بکات، ئەمەش وادەکات کە حکومەتی عێراق رۆژانە بەدوای برِو بیانووی جیاواز بگەرِێت و یاری بە کات بکات بۆ ئەوەی گوشارەکانی لەسەر کوردستان زیاتر بکات و کوردستان بخاتە ژێر گوشارێکی ئەوتۆ کە خۆی تەسلیمی عێراق

**پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەرپرسیارانە لەو واقیعەی نێوان کوردستان و عێراق تێبگات، کە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بڕیاردانی گەلی کوردستانە لە نێوان دیکتاتۆریەت و ئازادی، نەک بڕیاردان بێت لە نێوان مافە دەستوورییەکانی نەتەوەیەک لەچوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی و خواستێکی ناسیۆنالیستی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ**

بکات، بەڵام لەم حاڵەتەدا پێدەچی حەیدەر عەبادی وەك سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدارێکی کەم ئەزموون، هێشتا ئیرادەی خەڵکی کوردستانی نەناسیبێت، لەبەر ئەوەی راستە حکومەت و خەڵکی کوردستان رێگەچارەی دیالۆگ و ئاشتییانە زۆر بە باشتر لە رێگەچارەی شەڕ و توندوتیژی دەزانێت، بەڵام رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتیش ئەوجا باجەکەی هەرچەندێك بێت، ئامادەیە باجەکەی بدات و ئامادە نابێت خۆی تەسلیمی گوشارەکانی حکومەتی عێراق و عەبادی بکات.

لایەنی سەرەکی و براوە لەشەڕی دژی داعش و لەو پیلان و هێرشەی کرایە سەر کوردستان، هەتا ئێستا بەپلەی یەکەم ئێرانە و لایەنی سەرەکیی زیان لێ کەوتووش لەم شەڕەدا، ئەمریکا و هاوپەیمانان و گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراقە، لەم حاڵەتەدا، یان ئەوەتا دەبێت ئەمریکا و هاوپەیمانان و گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراق، تەسلیمی ئیرادەی ئێران بن، یاخود دەبێت پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی عێراق لە نفووزی ئێرانی پاکتاو بکەن.

## ● بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەك چەترێك بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق

بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لەساڵی ١٩٩١ بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام و ناوچەی دژەفڕین لەسەرووی هێڵی ٣٦ بۆ کوردستان دەرچوو، وەڵامدانەوەی ئەو ئیرادەیە بوو کە خەڵکی کوردستان لە کۆڕەوی دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ پیشانیدا، ئەوکات کۆڕەو وەك ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە جیهانی راگەیاند، مردن هەڵدەبژێرێن و هەموو پێکەوە وڵات بەجێ دەهێڵن، بەڵام ناگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری، ئەوکاتیش لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچووبوو، بەڵام رۆڵی داواکاری ئەمریکا بەو جۆرە بوو کە بەرەی کوردستانی بە دانوستاندن لەگەڵ رژێمی بەعس و سەدام حوسێن کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق لەچوارچێوەی رێککەوتننامەی ئادار بۆ ناوچەی ئۆتۆنومی چارەسەر بکەن، ئەوە بوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەم رێگەیەشی تاقی کردەوە، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو، بۆیە رژێمی بەعس و سەدام حوسێن لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی هێرش بکەنەوە سەر کوردستان، یان بە فڕۆکە بۆردومانی بکەن، بەناچاری ئیدارەیان لە کوردستان کشاندەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەژێر گەمارۆی حکومەتی ناوەندو بەعسدا تەسلیم بێت و دەستبەرداری مافەکانی بێت. ئەزموونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش وانەیەکی باش بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی لە نییەت و ئامانجی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان تێبگات، ئەو وانەیەش ئەوە بوو ئەگەر کوردستان بپارێزرێت، ئەوا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خەڵکی کوردستان ئەو توانایەیان هەیە کە بتوانن حوکمڕانیی خۆیان بکەن و نەبنە هەڕەشەش بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ.

ئەمجارەیان دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، کوردستان دیسان کۆڕەوی لەسەر سندوقی دەنگدان ئەنجامدایەوە و بە جیهانی راگەیاند، جارێکی دیکە نابینەوە بە بەشێك لە رژێمێکی دیکتاتۆری، بەداخەوە جیهان بە هەڵە لەم پەیامەی گەلی کوردستان تێگەیشت کە بە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان ئاراستەی هەموو جیهانی کرد. ئەم هەڵە تێگەیشتنەی جیهان بواری بۆ ئەوە رەخساند کە حکومەتی ئێستای عێراق بە هاوشێوەی رژێمی سەدام و بەعس، هێزی سەربازی بەکاربهێنێت بۆ وەڵامدانەوەی رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەت لەلایەن بەغداوە، لە ئێستا بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە هەڵەیان کردووەو نەدەبوو رێگە بە حکومەتی عەبادی بدرێت بۆ ئەوەی هێرش بکاتەوە سەر کوردستان، بۆیە جارێکی دیکە وەك دووبارەکردنەوەی دوای کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکەن.

لە ساڵی ١٩٩١ جیهان گەیشتە قەناعەت کە هۆکاری جێبەجێنەکردنی یاسای ئۆتۆنومی لەبەر رۆشنای رێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هۆکارەکەی لایەنی کوردستانی نییە، بەڵکو دڕندەیی سەدام و حزبی بەعسە کە هیچ مافێك بە کوردستان رەوا نابینن، بۆیە دوای ئەوەی لە ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدرا بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، دژایەتییان نەکرد. بەڵام بۆ ئێستا جارێ ماویەتی لەوە

**ئەگەر دەستووری ٢٠٠٥ جێبەجێ بکرایە، ئەسڵەن هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی کوردستان بڕیاری ریفراندۆم بدات، ئێستاش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ریفراندۆم هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەگەر دیسان حکومەتی عێراق ئامادە نەبێت تەواوی دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەوا بێجگە لە بەدیلی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، بژارەیەکی دیکە بۆ کوردستان نییە، لەم حاڵەتەشدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێدەگات کە کوردستان بۆ رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەت پەنای بۆ ریفراندۆم بردووە**

تێبگەن، کە حکومەتی ناوەندی (بەغدا) سەدام حوسێن سەرۆکی بێت، یان حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی بێت، ئامادە نین هیچ مافێك بە کوردستان ڕەوا ببینن، بەتایبەتی ئەو مافە دەستوورییانەی کە لە دەستووری عێراقدا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراون، هەر بۆیە زۆر گوشار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بە دەستوورەوە پابەند بێت.

ڕۆژی شەمەی ڕابردوو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئیمانوئیل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا و دواتریش لە پریس کۆنفرانسە هاوبەشەکەی نێوانیان، نەك هەر ئامادەباشیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە تەواوی ماددەکانی دەستووری عێراقەوە پیشانداو ئامادەباشی بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ و وتووێژ ڕاگەیاند، لەهەمانکاتدا پابەندبوونی حکومەتی کوردستانی بۆ ڕێزگرتن لە بڕیاری ئەو دادگا فیدراڵییەی عێراقیش پیشاندا کە خودی دادگاکە چەندین نیشانەی پرسیاری لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا لەسەرە.

لەوانەیە دوای هەوڵەکانی فەرەنسا بۆ ناوبژیوانی لەنێوان حکومەتی کوردستان و عێراق، حکومەتی حەیدەر عەبادی ناچار بێت کە ملبدات بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، بەڵام چۆن حزبی بەعس و سەدام ئامادە بوون لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ بکەونە وتووێژ و دانوستاندن، بەڵام سەرەنجام دەگەیشتنە ئەوەی کە بەعس و سەدام لە ڕێککەوتنەکە پەشیمان ببنەوە و بە زمانی هەڕەشە لەگەڵ کوردستان قسە بکەن، ئەوهاش حکومەتی ئێستای عێراق لەگەڵ کورد مامەڵە دەکات.

ڕێگەی دروست و سەرکەوتوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردستان لەگەڵ عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر لەدوای ١٩٩١-٢٠٠٣ چەتری بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بوو، ئەم بڕیارە لەگەڵ ئەوەی هیچ مافێکی بۆ کوردستان دیاری نەکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستانی لە هێرشی زەمینی و ئاسمانی حکومەتی بەعس و سەدام پاراستبوو، ئەوا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان توانی ئیدارەی خەڵکەکەی خۆی بدات و ئەزموونێکی دیموکراتی و سەرکەوتوو بە ستاندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەشی جیهان بکات، خۆ ئەگەر ئەو بڕیارە نەبوایە، ئەوا جارێکی دیکە سەدام و بەعس بە زمانی هێزی سەربازی مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکردەوە. بۆ ئەمجارەش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشار دەخاتە سەر کوردستان بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور کێشەکان چارەسەر بکرێت، بۆ حکومەتی کوردستان گرنگە بە کردەیی ئەوە پیشانی جیهان بدات، کە ئەوە حکومەتی کوردستان نییە نایەوێت ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو ئەوە حکومەتی بەغدایە کە نایەوێت ئەسڵەن عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە دەسەڵات و داهات دابەش بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای جێبەجێکردنی دەستوور لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بۆ ئەوەی مافە دەستوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، گرنگە کە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش دەربکات بۆ ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراقیش وەك حکومەتی بەعس و سەدام لغاوگیر بکرێن و نەتوانن بە هێزی سەربازی هەڕەشە لە کوردستان بکەن.

ئامانجی حکومەت و خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو جوگرافیایەی دەستووری عێراق دیاریکردووە و ئەو جوگرافیایەی ماددەی ١٤٠ چارەسەری دەکات، خاوەنی کیانێکی سیاسیی خۆی بێت، با ئەو کیانەش هەرێمێك بێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام گرنگە ئەم کیانە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش بپارێزرێت، پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ بەشەکەی دیکەی عێراق دەکات، ئەوا خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، هەروەك چۆن لە ١٩٩١-٢٠٠٣ بە دووجۆر مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان و ڕژێمی ناوەندی عێراق دەکرد، ئێستاش هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ئەزموونە لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە و کورد دەتوانێت لەگەڵ دراوسێکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئارامی بژی، بەڵام عێراقی عەرەبی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەك دەوڵەت شکستی هێناوە و نە دەتوانێت لەگەڵ دەرودراوسێ و نە دەتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئارامی بژی.

**هەڵوێستی نەرم و لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پشتگیری و تێگەیشتنی نێودەوڵەتی لە ئاستی پابەندبوونی کوردستان بەدەستوورەوە، تۆپەکەی فڕێداوەتە گۆڕەپانی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی و ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕێی ئەوەیە کە گوێیان لە وەڵامی حکومەتی عەبادی بێت**

**سەرۆکی فەرەنسا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، ئێمە وەک حکومەتێکی شەرعی پێشوازیمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پێش نزیکەی دوو مانگیش بە هەمان شێوە پێشوازیمان لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە، بۆیە فەرەنسا هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بە دوو حکومەتی شەرعی دەزانێت و لەم چوارچێوەیەشدا مامەڵە لەگەڵ هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراق دەکات**

# کورد لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازدا!

خەباتی هیچ میللەتێکی بندەست، شەقامێکی ڕاستەڕێ نەبووە تا هی کورد وابێ. لێ بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، ئەگەر دەستپێکەکەی لە سەرهەڵدانی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە حیساب بکرێ، هەورازو نشێوێکی زۆری بەخۆوە بینیوە و هێش بە ئەنجامی کۆتایی خۆی، کە مافی چارەی خۆنووسینە، نەگەیشتووە و کورد لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا کە ئەڵڵا قۆیسەن بە سەدەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان ناوزەد کراوە، هێشتا زوڵم و ستەمێکی زۆری لێ دەکرێ و لە هەندێ بەشی کوردستاندا تەنانەت ڕێگەی خوێندن بە زمانی خۆی لێ قەدەخە دەکرێ.

لەم سەد ساڵەی دواییدا، پاش ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆی نێوان بەریتانیا- فەرەنسا و دابەشکردنی قەڵەمڕەوی عوسمانلی، هەر پارچەیەکی کوردستان، بە حوکمی زۆر فاکتەر، ڕێچکەیەکی جیای خەباتی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی، پێ بە پێ، لە فۆرمێکی دیاریکراودا، گرتووەتەبەر.

لەم بەشەی کوردستاندا کە لە ١٦ی ١٢ی ١٩٢٥دا لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە بە ناهەق بە عێراقەوە لکێندرا، کورد هەدادانی نەبووە و دەستەوئەژنۆ دانەنیشتووە. بەڵکە سەرهەڵدان دوای سەرهەڵدان، ڕاپەڕین و شۆڕش کراوە. لەم پێڤاژۆیەدا کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی هەم سەرکەوتنی تۆمارکردووە و هەم تووشی نسکۆش بووە، بێ لەوە تاوانگەلی نێودەوڵەتی لەبابەتی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ دەرهەق بەم گەلە کراوە، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

بەهەرحاڵ لەپاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ تا ئێستە، گەلی کوردستان، خراپ یان باش، خۆی بەڕێوەدەبا. لە ٢٠٠٥یشەوە ئەو خۆبەڕێوەبردنەی کورد خراوەتە چوارچێوەی عێراقێکی بەناو فیدراڵییەوە. چاوەڕوان دەکرا ئەو چوارچێوەیە فیدراڵییە، دەستەبەری مافە جێگیراوەکانی ناو دەستووری بکردبایەو ئەو ستەمە مێژووییەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە کورد کراوە، لا ببردایە، یان کەمی بکردبایە. بەهەرحاڵ حکومەتی ئیتیحادی کە لایەنێکی سەرەکیی جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقە، نەك



**ئاسۆ کەریم**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هەر کێشە لەمێژینەکانی وەك کێشەی کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی چارەسەر نەکرد، بەڵکە کێشەی دیکەشی بۆ زێدەکردن، وەك بڕینی بودجەی کوردستان لە ۲۰۱۳وە.

بەهاتنەئارای دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام- داعش- و گرتنی پانتایەکی زۆری عێراق لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە، کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر تا ئەمدواییە هەڵواسران و، ئەولەوییەت درا بە بەرەنگاربوونەوەو تێکشکاندنی داعش وەك خەتەرێکی هاوبەش. کوردستان لەو شەڕەدا جێگەی خۆی لەنێو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا گرت. کوردستان بووە سەرقافڵەو مەیدانی تێکشکاندنی داعش. لەم پێناوەدا کورد قوربانییەکی زۆری ئینسانی و ماددی دا، سەربار کوردستان بووە جێگەی داڵدەدان و حەوانەوەی سەدان هەزار ئاوارەی کریستیان، شەبەك، ئێزدی، تورکمان و عەرەبی ناوخۆی عێراق و بەدەیان هەزار پەنابەری کوردی سوریە...

بەشێکی زۆری ئەو ناوچەو دەڤەرانەی کە کەوتبوونە دەست داعش و بەگوێرەی ماددە ۱٤۰ی دەستوور، بە ناوچەی کێشە لەسەر ناوزەدکرابوون و دەبوایە تا کۆتایی ۲۰۰۷ ستاتۆی ئیدارییان یەکلا کرابانەوە، هێزەکانی عێراق بێ شەڕ لەبەرانبەر داعشدا کشابوونەوە، لە شەڕو بەرەنگاربوونەوەی داعشدا، هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی نێوان حوزەیرانی ۲۰۱٤- تشرینی یەکەمی ۲۰۱٦دا پێ بەپێ و لە شەڕێکی دژواردا، یان ئەوەتا لە داعشی ساندنەوە وەك مەخموور و گوێڕ و سنجارو جەلەولا...، یان پارێزگاری لێکردن وەك کەرکووك. لێ لە پیلانێکی چاوەڕوان نەکراودا و بەپێچەوانەی دەستوور، لە شەوی ١٦ی تشرینی یەکەم بەملاوە، عێراق بە سوپاو حەشدی شەعبی پەلاماری ئەو ناوچانەی دا کە بووە هۆی دەربەدەربوونی نزیکەی ۲۰۰۰۰۰ کەس و کوشتوبڕی دەیان کەس و تەقاندنەوەی ماڵ و موڵکی کوردان بەتایبەتی لە دوزخورماتوو کە ئەمەش بۆ خۆی پێشێلکردنێکی زەق و مەترسیداری قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤە...

ئەم بارو ڕەوشە، لە چەند سەرێکەوە، واقیعێکی نوێی لەگەڵە خۆیدا هێناوەتە کایەوە. سەربار کوردستان بۆ خۆی، پێشتریش بەدەست چەندین کێشەی دیکەی ناوخۆیی گرفتار بوو؛ وەك نەسازان و پێك نەکردنی حزبە سیاسییەکان

لەگەڵ یەکدیدا، پەککەوتنی پارلەمانی کوردستان لە ناوەڕاستی ٢٠١٥ەوە، کێشە، یان قەیرانی ئابووری و کەمبوونەوەی توانای حکومەت لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران، راوەستانی پرۆژەکانی پرۆسەی پەرەپێدان، کێشەی گەندەڵی، بێ کارەبایی، بێ سووتەمەنی و کێشەو بێشەی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم لە هاوینی ٢٠١٥ داو هیتریش وەك دەلەمەیی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کە بەداخەوە لە یەکەمین پێشهاتدا لە ١٦ی ئوکتۆبەرەوە، لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبی لێکبوونەوە. ئێستەش مەترسیی سەرهەڵدانەوەی دوو ئیدارەیی و بەکورتی مەترسیی نەمانی یەکەیەکی ئیداری- سیاسی لەناو عێراقدا بەناوی هەرێمی کوردستان بێ بنەما نین و تەنانەت هەندێ دەنگی ناڕەوا، لێرەو لەوێ بەرزدەبێتەوە کە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن پشکی پارێزگاکانی کوردستان لە بودجەی ساڵانەدا بەجیا دابەش بکرێ. بەکورتی تووشی پاشەکشەیەکی کاتی (تۆ کەیفی خۆتە چ ناوێکی دیکەی لێ دەنێی) هاتووین و رەوشێکی نە شەڕ نە ئاشتی هاتووەتە ئاراوە کە ئەگەری تەقینەوەو پێکدادانیش هەرتەم لە ئارادایە، ئەگەر فشاری نێودەوڵەتی لەسەر بەغدا نەبێ و ڕێگەی پێ نەگیرێ.

لەبەرانبەردا، حکومەتەکەی عەبادی وەك لایەنی براوەی شەڕ رەوتار دەکاو هەوڵ دەدا بەدەر لە دەستوور، مەرجەکانی خۆی بێ ئەملاو ئەولا، بێ دانوستان و هیچ هەق و حیسابێکی دەستووری، بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێ و تا ئێستە کۆمەڵێ بریارو رێوشوێنی زاڵمانەو ناشایستەی دوور لە ژیانی هاوبەش و بەیەکەوە هەڵکردنی دەرهەق بە گەلی کوردستان گرتووەتەبەر بەبیانووی ریفراندەمەکەی ٢٥ی ئەیلوولەوە...

پارلەمانی کوردستان کە ویلایەتەکەی لە ٦ی ١١ی ٢٠١٧دا بەکۆتا دەهات، بۆ ماوەی دوو خولی گرێدان، ویلایەتەکەی خۆی درێژکردەوەو هاوبەند لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا سەرۆك بارزانی لە پەیامێکی خۆیدا رەتیکردەوە درێژە بە ئەرکی سەرۆکایەتیی فەرمیی خۆی بداو ئەمانەتەکەی رادەست کردەوە. لەم سۆنگەیەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بەپێی قانوونی ژمارە ٢ی «دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم»، بەسەر هەر سێ دەسەڵاتە گشتییەکەی هەرێم؛ پارلەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریدا دابەشکرانەوە.

لە ٣٠ی ١٠دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا پشتەوانی خۆی بۆ بوونی حکومەتێکی بەهێزی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و یەکگرتوودا دووپاتکردەوە کە دوو ئەرك رابپەڕێنێ؛ دەستکردن بەدانوستاندن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەگوێرەی دەستوور بۆ سەروبەرکردنی پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەردوو لا و، دووەم زەوینە خۆشکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨. هەر لەو بەیاننامەیەدا، داوا لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان-یش کرابوو کە پشتەوانی لەو حکومەتە بکەن.

حکومەتی ئێستەی هەرێمی کوردستان، یەکجێ دوای ئەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بەگوێرەی دەستوور دانوستان لەگەڵ بەغدایا بکا و لەهەمانکاتدا باوەگۆی لێکدانەوەکەی دادگەی باڵای فیدراڵی دایەوە سەبارەت بە ماددە ١ی دەستووری عێراق. ئەم بەتەنگەوەهاتنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە جێگەی رەزامەندیی ئەمریکا، وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپی کە لەم ماوەیەدا بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، جەخت لەسەر مافە دەستوورییەکانی کوردان لە عێراقدا لە ڕێگەی دانوستاندن دەکەنەوە.. لێ وەك لە سەرێ ئاماژەی پێکرا، ئەوە لایەنی بەرانبەرە کە تا ئێستەش مەرج دوای مەرج دێنێتە گۆڕێ و ئامادەی کۆبوونەوەو دانوستاندن و ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکووك و دوزو ناوچەکانی دیکە نەبووە، لەو بنەتایەوە کە عەبادی پێیوایە هاوسەنگی هێز لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بە قازانجی بەغدا گۆڕاوە!

لەهەمانکاتدا حکومەتی عێراق هەوڵ دەدا کەڵك لە ناڕێکیی ناوماڵی کوردو کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان وەربگرێ، بە ئاراستەی دەستی دەستی پێکردن و هێشتنەوەی باری ئاراو، دابڕ دابڕکردنی هێزەکان و گوتنەوەی هەندێ بەڵێنی بێ کردار!

لەم بەینەدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەو تەحەددییانە، لەکاتێکدا کە هەلومەرجێکی نە شەڕ نە ئاشتی لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەیە، کۆمەڵێ ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ دەرچوون لەم تەنگژانە، دەخرێنە روو وەك هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستە و دامەزراندنی حکومەتێکی رزگاری نیشتمانی، یان حکومەتێکی کاتی، یان هەوڵدان بۆ هێنانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بۆ ناو حکومەتەکەی ئێستە، یان هێشتنەوەی رەوشی ئارا تا هەڵبژاردنێکی دیکە...

لەم پێناوەدا، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی سەریان لە زۆرینەی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان داو لە نزیکەوە گوێیان بۆ پاکێج و پلان و بەرنامە و داواکانیان هەڵخست... وەك دەردەکەوێ، ئەم حکومەتەی ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە، دەست بە کابینەکەی خۆیدا بهێنێتەوەو خۆی (تەرشیق) بکا، دووەم لەگەڵ ئەوەدایە کە سەرجەم حزبە سیاسییە سەرەکییەکان بەشداری حکومەت بکەن و لەم رێگەیەوە پشتیوانیی ئەوان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.. بەو مانایەی کە بەرەی ناوخۆی کوردستان سازبدرێتەوەو سەرجەم وزەو تواناکان یەکبخرێنەوە و حکومەت بەیەکدەنگ و لەسەر ئەساسی رۆئیایەکی روونی سیاسی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێشهات و رووداوەکاندا بکات و، پێکەوەش بەرەو هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەرد هەنگاو بنێنەوە کە شەرعییەتی حوکمڕانیی تێدا تازە بکرێتەوە بۆ قۆناخی ئایندە. بەڵام وەك تێبینی دەکرێ، بێ متمانەییەك لەنێوان حزبەکاندا لەراست ئەو ئەلتەرناتیڤانەدا هەیە کە ئەمەش دۆخەکەی بە هەڵواسراوی هێشتووەتەوە.

لێ ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم ناوەدا، کەمتر قسە لەسەر بەرنامە، یان ئەرك و وەزیفەی حکومەت لەم چەند مانگەی لەپێشمان ماوە دەکرێ. واتە ئەم حکومەتە یان هەر حکومەتێکی دیکە لەم ماوە کەمەدا چی پێ دەکرێ؟ هەقە لێرەدا رەچاوی رەوشی ئێستە و ئالنگارییەکان و بەرپرسیارەتی گرتنە ئەستۆ بکرێ.

گرنگترین شت ئەوەیە:

یەکەم: شونەوارو دەرکەوتە چەوتەکانی ١٦ی تشرینی یەکەم لە رادەیەکدا رابگیرێن و کەمبکرێنەوەو رێ لە دوو ئیدارەیی بگیرێ و ئەو هەوڵانە پووچ بکرێنەوە کە دەیانەوێ قەوارەیەکی ئیداری- سیاسی بەناوی هەرێمی کوردستان بە هەموو دامودەزگاکانیەوە نەمێنێ و بگەڕێینەوە بۆ لا مەکەزیی ئیداری.

دووەم: راگرتنی پەلامارو پڕکێشی عێراقە بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ئابلووقەدان و کەمکردنەوەی ماف و دەسکەوتەکانی چەند ساڵەی ئەم هەرێمەیە.

سێیەم: پاراستنی باری تەناهی و ئاسایشە لە کوردستاندا، واتە رێگرتن لێ بێ سەروبەریی.

چوارەم: پێکهێنانی وەفدێکی هاوبەشی حکومەتە بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەگوێرەی دەستوور بەتایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی بە بەشە بودجەی کوردستان و چاککردنەوەی باری گوزەران و بژێوی خەڵکەوەیە...

پێنجەم: رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەك کە شونەوارە چەوتەکانی رابردوو تێبپەڕێنێ.

لەم ماوەیەشدا، پێویستە پارلەمانی کوردستان بەگوڕتر بێ و لەو قاوغە متبووەی خۆی بێتە دەرێ و بە ئەرکی پارلەمانی خۆی لە بواری یاسادانان و چاودێری راببێ و هاوکارێکی باشی خۆڕاگرتن و هەستانەوەی خەڵکی کوردستان بێ...

لەئاستی ناوچەییشدا، تا ئەودەمەی بۆمان دەکرێ و دەلوێ، نەچینە ناو میحوەرو میحوەرکاریی وڵاتە ئەقلیمییە پێکناکۆکەکانەوە. چونکە وەك ساغ بۆوە، وڵاتان لە پێگەیەکی بەهێزتردان و نابێ ببینە پێخۆری شەڕ و ململانەی ئەوان کە بە قازانجی میللەتەکەمان نەبووەو نییە. بەڵام دەکرێ بە پێوەندییەکانماندا بچینەوە، چ لەگەڵ تورکیە، چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ دنیای دەرەوەدا. با دروشمی ئێستەمان، پاراستنی خەڵك و بەرژەوەندییەکانیان و ئەو قەوارە سیاسییەی کوردستان بێ کە بە قیمەتێکی زۆر بنیادمان ناوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خەڵکی کوردستان ئەگەر پرسی پێ بکرێ و بە ئازادانە دەنگ بداو ئیرادەی خۆی دەرببڕێ وەك رۆژی ٢٥ی ٩، ئەوا دەیەوێ سەربەخۆ بێ.

# دەربارەی قەیرانی سووریا...

## ڕێگاچارەی هەمیشەیی ڕووخاندنی ڕژێمی ستەمکارە

شەش ساڵ بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی سووریا دژی ڕژێمی سەرکوتکەر تێدەپەڕێت کە سەرەتا بە شێوازی ئاشتییانەو لە ڕێی خۆپیشاندانی نارەزایی و بەرزکردنەوەی داواکارییەکان دەستی پێکرد، ئەم شۆڕشە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازی و دەستەبەرکردنی ئازادی و کەرامەت بوو بۆ هاووڵاتیان، بەڵام دوای ئەوەی هەڵوێستی ڕژێم ڕەتکردنەوەی ئەو داخوازییانە بوو، دەستی کرد بە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەرانی سڤیل بە ئاگرو ئاسن، لە ئەنجامدا ئاگری بەرگریی هاووڵاتیان کڵپەی سەندو هەزاران سەربازو پلەداری سوپای سووریا جیابوونەوەو هاتنەپاڵ گەل و بەمەش ریزەکانی شۆڕشگێران زیاتر فراوان بوو، لاوان و زۆربەی چین و توێژەکانی گەل لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات دەستیان بە بەرگری کرد، بەتایبەتیش کاتێ سوپای ئازاد بزاڤی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیی ڕاگەیاند، بەمەش ئۆپۆزسیۆن شێوەی دامەزراوەیی وەرگرت و پەیوەندیی سیاسی و ئامانجەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتەوتر کرد.

ڕژێمی ئەسەد بۆ مانەوەی خۆی هەموو شتێکی کرد دوای ئەوەی کە سێیەکی سوپاکەی لێی جیابوونەوەو دامەزراوەکانی ڕژێم هەرەسیان هێناو ٨٠٪ی خاکەکەشی لەدەست چوو، لەبەر ئەوە ڕژێم هەوڵی دا گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ لای خۆی رابکێشێت و لەم ڕووەوە سەرانی ئیسلامییەکانی لە بەندیخانەکانی ئازادکرد، هەروەك چۆن نوری مالیکی لە عێراق ئەمەی جێبەجێ کرد، کاتێ زیندانیانی ئیسلامی و تیرۆریستانی لە زیندانەکان بەرەڵا کرد، ئەبوبەکر بەغدادییش یەکێك بوو لەوان، دیارە ئەمەشی بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕژێمی تاران ئەنجامدا کاتێ پاڵپشتیی ڕێکخراوەکانی ئەلقاعیدەی کردو هانی دان ڕوو لە سووریا و عێراق بکەن، بەهێزبوونی توانای ئەلقاعیدەو داعش خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکرد لەبەر ڕۆشنایی پلان و بەرنامە تایفەگەرییەکەی، هاوکات هەوڵی بەردەوامی بۆ ئەوەی هەژموون و دەسترۆیشتوویی بسەپێنێ و کێشەو ئاژاوە بۆ موسڵمانانی سوننە بنێتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم بوون بەدەستی تیرۆریستانی گرووپە ئیسلامییەکان بەتایبەتیش داعش.

ڕژێمی ئەسەد سنووری لەبەردەم ئێران و ڕووسیا و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی و زیاتر لە ١٥ میلیشیای مەزهەبیی ئێرانی و عێراقی و لوبنانی و ئەفغانی واڵاکرد، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ملیۆنێك هاووڵاتی سووریا و ئاوارەبوون و کۆچکردنی زیاتر لە نیوەی گەلی سووریا، بەمەش سەروەریی نیشتمانی بەلاوە نا و بە فەرمی سووریای خستە ژێر داگیرکاریی دوو دوڵەت و زۆربەی میلیشیا چەکدارەکان، ئەمەشی هەموو لەپێناو پارێزگاریکردن بوو لە پۆست و ڕژێمەکەی.

لە ئاکامی هەڵسوکەوتی ڕژێمدا چارەنووسی سووریا کەوتە دەست دەوڵەتان و هێزە دەرەکییەکان، هەروەها بڕیارەکانیش لەدەست سوورییەکان و ئۆپۆزسیۆن و لایەنگران دەرچوون و بەهۆی لاوازیی ڕژێم گەمەکە کەوتە دەست ڕووسیاو ئێران، بەهۆی ئەوەی ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە سووریای داگیرکردو بنکەی سەربازی لە زۆر ناوچەدا دروستکرد، بۆیە ڕووسیا هێزی سەرەکییە

> **ڕژێمی ئەسەد بۆ مانەوەی خۆی هەموو شتێکی کرد دوای ئەوەی کە سێیەکی سوپاکەی لێی جیابوونەوەو دامەزراوەکانی ڕژێم هەرەسیان هێناو ٨٠٪ی خاکەکەشی لەدەست چوو، لەبەر ئەوە ڕژێم هەوڵی دا گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ لای خۆی رابکێشێت و لەم ڕووەوە سەرانی ئیسلامییەکانی لە بەندیخانەکانی ئازادکرد، هەروەک چۆن نوری مالیکی لە عێراق ئەمەی جێبەجێ کرد کاتێ زیندانیانی ئیسلامی و تیرۆریستانی لە زیندانەکان بەرەڵاکرد**



**سەلاح بەدرەدین**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

کە دەتوانێ چارەنووسی وڵات دیاریبکات، هاوکات لەئێستادا بۆتە گەمەکاری سەرەکیی و گومانیشی تێدا نییە کە گەمە نێودەوڵەتییەکە وا دەخوازێت جۆرێك لە تێگەیشتن لەگەڵ ئەمریکا بێتەکایەوە، ئەمەش لە کۆبوونەوەی نێوان پوتین و ترەمپ لە ڤێتنام ئەنجامدرا دەربارەی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەکانی ئەستانا دەرچوون تایبەت بە ناوچەکانی کەمکردنەوەی گرژی و دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداربوونی هاوبەش لە دیاریکردنی چارەنووسی سووریا و ڕژێمەکەی.

لەم دوو ساڵەی دواییداو دوای ئەو تێگەیشتنانەی نێوان رووسیا و دەوڵەتانی کەنداو و میسر پەرەسەندنێکی تازە هاتەئاراوە پەیوەست بە پرسی سووریا، هەروەها بینیمان کە کۆنگرەی ریاز ٢ی ئۆپۆزسیۆنی سووریا پاشەکشەی بەخۆیەوە بینی تایبەت بە بەرژەوەندیی رووسیاو ڕژێمی ئەسەد، چونکە هەردوو بنکەی مۆسکۆو قاهیرەی نزیك لە رووسیاو ڕژێمی ئەسەدی خرایە سەر، هەروەها ٨ ئەندامی بۆ شاندی دانووستانکاری جنێڤ زیادکرا، کە ژمارەیان بیستەو دەوڵەتی میواندار بانگهێشتی ١٤٠ کەسی کردووە کە زۆرینەیان چەوساوەن و لایەنگری سعودیەن و نزیکن لە سیاسەتی سعودیە دوای دوورخستنەوەی دەیان ئەندام کە لەسەر قەتەر و تورکیا حسێبکراون و هەندێکیش لە ئامادەبووان بە زەبری پارە قەناعەتیان پێکراوە.

دیارە کۆبوونەوەی جنێڤ ٨ هیچ شتێکی لێ نەکەوتەوە، چ لە رووی بەدیهێنانی ئاشتی و چ لە بواری چارسەرکردنی قەیرانی سووریا و ئاوەدانکردنەوە، هەروەك دەردەکەوێ نزیکترین سیناریۆ کە بێتەدی بریتییە لەوەی کە ئەوانەی چوونەتە جنێڤ پەیوەندیی بە کۆبوونەوەی (سوچی)یەوە بکەن کە لەوەتەی ساڵێکە رووسیا بە ناوی (کۆنگرەی گەلانی سووریا)، یان (کۆنگرەی نیشتمانیی سووریا) ڕێی بۆ خۆش دەکات، ئەمەش لەپێناو گەڕان بەدوای دارشتنی دەستوورێکی تازە بۆ سووریا و پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی بۆ قۆناغی گواستنەوە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە هەموو دامەزراوەکانی ڕژێم بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردنەکان لە ئایندەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات، هەروەها پێموایە کە چارەسەری پێشنیارکراو لەلایەن رووسیا و شەریکەکانییەوە خواستەکانی گەلی سووریا بەدی ناهێنێت و ئاشتی هەمیشەیی بەرپاناکات. هاوکات کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی سووریا چارەسەرناکات، بەتایبەتیش کێشەی کورد، چونکە ئەو چارەسەرە لە خزمەتی بەرژەوەندیی لایەنە دەرەکییەکان و دەستڕۆیشتوویی ئەو لایەنانەدایەو خزمەت بە ئەجندەکانیان دەکات.

زۆرجار گوتوومانە کە ڕێگاچارەی هەمیشەیی و دادپەروەرانە بە رووخاندنی ڕژێمی ستەمکارو دامەزراوەو هێماکانی سووریادا دەست پێدەکات، هەروەها دەخوازێت کۆنگرەیەکی نیشتمانیی گشتیی سووری بۆ هەموو پێکهاتەکان سازبکرێت، لەپێناو پێداچوونەوەو دیاریکردنی ئاسۆی ئایندە و دانانی نەخشەڕێگا بۆ بنیادنانەوەی سووریایەکی دیموکراسی و فرەیی و شەراکەتی کە هەردوو گەلی سەرەکیی عەرەب و کورد و سەرجەم پێکهاتەکان بەشداری تێدابکەن، دوور لە گوێڕایەڵی و فشاری داگیرکاران، هەروەها دەرکردنی میلیشیا بیانییەکان و بەدیهێنانی ئاشتەوایی و ئاوەدانکردنەوە.

**ڕێگاچارەی هەمیشەیی و دادپەروەرانە بە رووخاندنی ڕژێمی ستەمکارو دامەزراوەو هێماکانی سووریادا دەست پێدەکات، هەروەها دەخوازێت کۆنگرەیەکی نیشتمانیی گشتیی سووری بۆ هەموو پێکهاتەکان سازبکرێت، لە پێناو پێداچوونەوەو دیاریکردنی ئاسۆی ئایندە و دانانی نەخشەڕێگا بۆ بنیادنانەوەی سووریایەکی دیموکراسی و فرەیی و شەراکەتی کە هەردوو گەلی سەرەکیی عەرەب و کورد و سەرجەم پێکهاتەکان بەشداری تێدا بکەن**



### خەسرەو گۆران

### بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارتی قەوارەیەکی گەورەی سیاسییە لە کوردستان و ئەگەر کاتی هەڵبژاردن دیاری بکرێت، پێشوازی لێدەکات

## ئومێدی ئێمە ئەوەیە بتوانین بە لیستێکی هاوبەش لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشداری بکەین

**لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق باس لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش دەکرێت، ئەم هەڵبژاردنانەش لەکاتێکدایە کە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر پرۆسەی سیاسی لە کوردستان ئیفلیج بووەو بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی کوردستانیش نائاسایی و داگیرکراوەو بەسەدان هەزار هاووڵاتی کەرکووك و ئەو ناوچانە ئاوارە بوون، ئەمە لەکاتێکدا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ هەڵبژارنەکانی عێراق پەرت و بڵاون و هیچ ئاسۆیەکی یەکڕیزییان پێوە دیار نییە، لەبەرامبەردا بەغدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پێشێلکاری و سەرپێچی دەستووری بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە چەند پرسیارێکمان لە خەسرەو گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیش بۆتە بابەتێکی گرنگ و گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان، ئایا ئێوە وەك دەزگای هەڵبژاردنی پارتی خۆتان چۆن بۆ ئەم دوو هەڵبژاردنە ئامادە کردووە، ئامادەکارییەکان بۆ هەردوو هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان تا ئێستا چۆن بووە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان قەوارەیەکی گەورەی سیاسییە لە کوردستاندا، هەر بۆیە هەر کاتێك وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك بووەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت خۆمان بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادە بکەین، ئاشکراشە ١٥ی ئایاری ٢٠١٨ وەك وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاری کراوە، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی دیاری نەکردووە، هەرکاتێکیش وادەی هەڵبژاردنەکان دیاری کرا، ئەوا ئێمەش بەپێی ئەو وادەیە خۆمان ئامادە دەکەین. هەروەك دەشزانین کە بەپێی یاساو دەستووری عێراق دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت، هاوکات بەپێی یاساکانی هەرێمیش کە خولی پەرلەمانی تەواو دەبێت، دەبێت هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت، کە ئێمە دەزانین کۆمیسیۆن داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە وادەی هەڵبژاردنەکان دیاری بکات، بۆ ئەم مەسەلەیەش رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەم حکومەتەی ئێستا تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام دەدرێت. کاتێکیش وادەی هەڵبژاردنەکان دیاری کراو کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە هات، ئەوا نەك پارتی، بەڵکو دەبێت هەموو حزبەکان خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسە دیموکراتییە ئامادە بکەن.

*** باس لەوە دەکرێت هەڵبژاردنەکانی کوردستان پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق بەرێوەدەچێت، دیارە پارتی و یەکێتی وەکو دوو هێزی کوردستانی رێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە، ئایا ئێوە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی هەماهەنگیتان لەگەڵ دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە بەیەك لیست دابەزن؛ یاخود وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن؟**

- راستە پێشتر پارتی و یەکێتی رێککەوتنێکی ستراتیژییان هەبووە و بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، بەڵام لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ کار بە رێککەوتنی ستراتیژی نەکراو لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا هەردوو لا (پارتی و یەکێتی) بە دوو لیستی جیاواز بەشدارییان کرد.

*** دەڵێن پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هەڵبژاردنەکان دەکات؛ ئایا ئەو هۆکارانە چین کە پشتی پێ دەبەستن کە پارتی لەوە دڵنیاکردۆتەوە کە هەڵبژاردن لەبەرژەوەندیدایە؟**

- لە راستیدا مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە لایەنێکی سیاسین لە کوردستان و هەموولایەکیشمان باوەڕمان بە پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی هەیە لەم وڵاتەدا، مەسەلەکە ئەوە نییە دڵنیاین یان نا، بەڵکو هەر کاتێك کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دیاریکرا، ئەوا پێویستە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. ئێمەش دەزانین لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام دەدرێن و شتێکی سرووشتییە کە دەبێت هەر لایەنێکی سیاسیش خۆی بۆ ئامادە بکات، ئاشکراشە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی قورسە لە پرۆسەی سیاسی، هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقیشدا. بەو پێیەی پارتی هەر لە رۆژی دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٤٦ەوە هەڵگری مەشخەڵی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بووەو لەپێناوی رزگارکردنی نەتەوەکەی دامەزراوەو لەهەموو قۆناغەکان و سەردەمەکاندا بەپێی گونجاوی بارودۆخەکە داوای مافەکانی گەلی کوردستانی لەدەسەڵاتدارانی عێراق کردووە. تەنانەت زۆربەی حزبەکانی کوردستان کە دامەزراون پێشتر لەناو پارتی دەرچوون، هەر بۆیە پارتی بە دایکی حزبەکانی کوردستان دادەنرێت و لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستانیش پێگەی بەهێزی هەیە.

*** بەڵام تا چەند ئەو رووداوانەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

- گومانی تێدا نییە کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەنگدانەوەی رووداوەکان دەبێت، ئیدی رووداوی سیاسی، یان سەربازی، یان ئابووری بن، واتە بە دڵنیاییەوە هەر رووداوێك روویدابێت و رووبدات، کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەی هەڵبژاردنەکان دەبێت.

*** باس لە دروستبوونی چەند قەوارەیەکی نوێی سیاسی دەکرێت، ئایا کاریگەری ئەم قەوارە تازانە چین و چ کاریگەرییەکی لەسەر دەنگەکانی پارتی دەبێت؟**

- تاکو ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق ١٢٨ قەوارەی سیاسی تۆمار کراون، وەکو ئاماژەتان پێدا

**شیعە و سوننە لەگەڵ ئەوەدا نین کە مافەکانی کورد دەستەبەر بکرێت و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت. پێیانوایە کورد زیاد لە مافی خۆی وەرگرتووە و دەبێت کەم بکرێتەوە و ئەگەر بۆیان بچێتەسەر ئەوا وەك هەر پارێزگایەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن**

**ئێستا لە گفتوگۆکانی بودجەی گشتی عێراق و مەسەلەی کەمکردنەوەی پشکی بودجەی کوردستان لە ١٧٪ەوە بۆ ١٢٪ پێویستە هەمووان یەك هەڵوێست بن، چونکە ئەمە پەیوەندی بە هەموو هاووڵاتیان و مووچەخۆرانی کوردستان و بژێوی ژیانی خەڵکەوە هەیە**

**کێشەی عێراق گەورەترە لە کێشەی عێراقییەکان و دەستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی تێدایە و دەستی داعش لەم وڵاتەدا هەیە، واتە چەندین فاکتەر هەن کە ئاراستەی کێشەو ململانێییەکان دەکەن**

**کورد و عەرەبی سوننە پەراوێز بخرێن سەقامگیری روو لە عێراق ناکات، دەبێت ئەم وڵاتە بەپێی ئەو دەستوورەی زۆرینە دەنگیان لەسەر داوە بەهاوبەشی لەنێوان کورد و عەرەبی سوننەو شیعە بەڕێوەبچێت**

**کورد لە عێراقدا پێکهاتەیەکی سەرەکییە و لەسەر بنەمای هاوبەشی و تەوافوق بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و دەوڵەتداری کردووە. ئەو عێراقەی لەسەر سێ پایەی سەرەکی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کورد دامەزراوە، پەراوێزخستنی هەر یەک لەم پێکهاتانەش کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر هەموو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت**

لەناوخۆی کوردستانیشدا چەند قەوارەیەکی نوێ دامەزراون، بەڵام من باوەڕم ناکەم هیچ کام لەم قەوارە نوێیانە کاریگەریی لەسەر دەنگەکانی پارتی هەبێت، چونکە دەنگ لەو قەوارانەی خۆیان دەبەن کە پشتیان پێ بەستوون.

*** ئێوە وەکو دەزگایەکی تایبەتمەند بە هەڵبژاردن خوێندنەوەی خۆتان بۆ نەخشەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکان چییە؟ ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا بکرێت؛ ئایا بەڕای ئێوە ئەم هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی تەقریبی پێتانوایە تاچەند نەخشەیەکی نوێ لە کوردستان و عێراق دروست دەکات؟**

- جارێ زووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە؛ چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، وادەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا دیاری نەکراوە و نازانین تا ئەو کاتە چەند قەوارەی دیکە خۆیان تۆمار دەکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان. کە تاوەکو نەشزانین ئەو قەوارانە چین و کێن، ئەوا ناتوانین وێنەکەمان لا روون بێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پارتییەوە هەبێت، ئەوا ئێمە پشتڕاستین لەوەی کە حزبەکەمان خاوەن بنکەیەکی بەهێز و نەگۆڕە.

*** هەر لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی عێراق؛ ئایا لەم بارودۆخە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن؟ ئایا ئەگەر ئەو یەکڕیزییە دروست نەبوو، ناچار بەجیا بەشداریتان لە هەڵبژاردنەکان کرد، پرۆگرامتان بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانە چۆن دەبێت؟**

- تا ئێستا هیچ باس و هەوڵێك نییە کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە لیستی هاوبەش بچن بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، مەسەلەی یەك لیستی کاتی خۆی لە روانگەی ڕێککەوتنی ستراتیژی کە لەنێوان جەنابی سەرۆك بارزانی و مام جەلال واژوو کرا، بۆیە پارتی و یەکێتی بە یەك لیست لە ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانی و لە ٢٠١٠ لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشدارییان کرد، دوای ئەمە مەسەلەی یەك لیستی نەماوەو هەر حزبەو بۆ خۆی بەجیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکان کرد لە ( ٢٠١٣ی هەڵبژادنەکانی پەرلەمانی کوردستان — لە ٢٠١٤ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان — لە ٢٠١٤ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، بەڵام ئێمە خۆزگە دەخوازین کە هەموو لایەنەکان لە یەك بەرەدا- بە چەشنی پێشوو کە بە ناوی هاوپەیمانی کوردستان بەشدارییان کرد- یەکیان بگرتایە، بۆ ئەوەی کورد بیتوانیایە سەنگی زیاتری هەبێت لە پەرلەمانی عێراقدا. چونکە ئەگەر بە پەرتەوازەیی بچینە نێو پەرلەمانی عێراقەوە، ئەوا هەموو لایەکمان زیانمان پێدەگات.

*** ئەی پێتانوایە کە نەخشەی سیاسیی عێراق بە چ شێوەیەك گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- بێگومان ئەو نەخشە سیاسییەی ئێستای عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەروەك ئێستا نامێنێتەوە، چونکە تەنانەت شیعەکانیش باڵی جیاوازیان هەیە، بە هەمان شێوە سوننە و کوردیش، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئێمە تەمەننا دەکەین بتوانین وەك کورد ستراتیژیەتێکی یەکگرتوومان لە پەرلەمانی عێراق هەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو لایەکماندایە. چونکە ئەگەر کار بە پرەنسیپی زۆرینە و کەمینە بکرێت، ئەوا کورد لە پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان پێك دەهێنێت، واتە بەشداری کورد لە سەرجەم پرۆسەی سیاسی بە ژمارەی کورسی یاخود زۆرینەو کەمینە نییە، ئەگەر وا بێت، ئێمە هیچ کاتێك ناتوانین بڕیارێك راگرین، یاخود پرۆژەیەك تێپەڕێنین. کورد لە عێراقدا پێکهاتەیەکی سەرەکییە و لەسەر بنەمای هاوبەشی و تەوافوق بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و دەوڵەتداری کردووە. ئەو عێراقەی لەسەر سێ پایەی سەرەکی عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کورد دامەزراوە، پەراوێزخستنی هەر یەك لەم پێکهاتانەش کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر هەموو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت، هەموومان بینیمان کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٥- ٢٠١٠ عەرەبی سوننە پەراوێز خران، چ کاریگەرییەکی لەسەر سەقامگیریی وڵاتەکە هەبوو، ئێستاش کورد و عەرەبی سوننە پەراوێز بخرێن سەقامگیری روو لە عێراق ناکات، دەبێت ئەم وڵاتە بەپێی ئەو دەستوورەی زۆرینە دەنگیان لەسەر داوە بەهاوبەشی لەنێوان کورد و عەرەبی سوننەو شیعە بەڕێوەبچێت، بەردەوامی پرەنسیپی هاوبەشی زامنی جێبەجێکردنی دەستوور و دوورکەوتنەوەیە لە کێشەو قەیرانەکان. ئەوەتا ئێستا کێشەی قورس و ئاڵۆزمان هەیە، چونکە زۆرینەی شیعە لەبەغدا پێشێلی ئەو پرەنسیپەی کردووە و پێشێلکردنی ئەم پرەنسیپەش دۆخی عێراق بەرەو ناسەقامگیری دەبات.

*** ئەگەر زۆرینەی شیعە لەسەر پەرتەوازەکردنی پێکهاتەکانی تر بەردەوام بن، کورد چ کارتێکی لەبەردەستدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو فشارو سزا سیاسی و ئابووری و سەربازییانەی کە**

**ئێستا بەغدا بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدات؟**

- کێشەی عێراق گەورەترە لە کێشەی عێراقییەکان و دەستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی تێدایە و دەستی داعش لەم وڵاتەدا هەیە، واتە چەندین فاکتەر هەن کە ئاراستەی کێشەو ململانێیەکان دەکەن. هەر بۆیە ئەگەر لایەنەکانی دیکە لەسەر ئەم پێشێلکاری و سەرپێچییە دەستوورییانە بەردەوام بن، دەبێت کورد بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی هەڵوێستی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بەشداری نەکات لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەوا عێراق بەڕێوە ناچێت، چونکە کورد فاکتەرێکی گرنگە لە عێراقدا. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد دەبێت کورد یەکهەڵوێست بێت. چونکە ئەگەر پارتی نەچێتە بەغدا و لایەنەکانی دیکە بچن و بەشداری بکەن ئەوە گومانی تێدا نییە کورد لاواز دەبێت لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا. هەروەك چۆن لە دوای ٢٠١٥وە ململانێی نێوان حزبە کوردستانییەکان رەنگدانەوەی لەسەر پەرلەمانتارەکانی کورد لە بەغدا هەبوو، دۆخەکە تا ساڵی ٢٠١٦ش باش بوو، بەڵام دواتر بە رادەیەك یەکهەڵوێستی لە ئارادا نەماو هەر کەسەو بەجیا و بۆ خۆی رەفتاری دەکرد و گوێ بە یەکڕیزی نەدرا، بەتایبەتی لەلایەن برادەرانی گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی یەکێتیش کە یەك هەڵوێست نەبوون. تەنانەت ساڵی پار لە مەسەلەی بودجەشدا ئێمە یەکڕیز نەبووین و لە پەیوەندی بە یاسای حەشدی شەعبی کاتێك پەرلەمانتارەکانی پارتی و یەکگرتوو دەنگمان بۆ یاسای حەشدی شەعبی نەدا، کەچی لایەنەکانی تر دەنگیان بۆ دا. ئێستا لە گفتوگۆکانی بودجەی گشتی عێراق و مەسەلەی کەمکردنەوەی پشکی بودجەی کوردستان لە ١٧٪وە بۆ ١٢٪ پێویستە هەمووان یەك هەڵوێست بن، چونکە ئەمە پەیوەندی بە هەموو هاووڵاتیان و مووچەخۆرانی کوردستان و بژێوی ژیانی خەڵکەوە هەیە.

*** بەڵام ئایا بە راستی نیازی بەغدا چییە؟**

- لە راستیدا تاوەکو ساڵی ٢٠١١، واتە تا ئەو کاتەی کە هێزە ئەمریکییەکان لەم وڵاتەدا جێگیرکرابوون، ئەوا رایان نەدەگەیاند کە پابەندی دەستوور نابن، بەڵام دوای رۆیشتنی ئەمریکییەکان رووی راستەقینەی ئەوان ئاشکرا بوو. دەبێت ئەوە بزانین کە زۆربەی شیعە و سوننە لەگەڵ ئەوەدا نین کە مافەکانی کورد دەستەبەر بکرێت و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت. پێیانوایە کورد زیاد لە مافی خۆی وەرگرتووە و دەبێت کەم بکرێتەوە و ئەگەر بۆیان بچێتەسەر ئەوا وەك هەر پارێزگایەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکەن. ئەمەش پەیوەستە بە بوونی ئەو عەقڵییەتەوە کە لە عێراقدا هەیە، واتە مەسەلەکە تەنیا مالیکی و عەبادی نییە، هەر یەك لەو کەسایەتییانە لەناو حزبی دەعوەن و ئەو حزبەش بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی یاسایەو دەوڵەتی یاساش بڕبڕەی پشتی هاوپەیمانێتی شیعەیە و ئاشکراشە کێ لە پشتیانەوەیە. ئێمە پێشتر زۆر هەوڵماندا لەگەڵ مالیکی، بەڵام لە سەروەختی مالیکی بوو کە بودجەی ئێمە بڕدرا، لە سەروەختی ئەودا بوو پەلاماری خانەقین درا، هەر مالیکی بوو هەڕەشەی دەکردو دەیگوت با فڕۆکەی سەربازی F16 بێت ئەوسا کوردستان داگیردەکەین. بەڵام تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە دەستوورێك هەیە لە نێوان ئێمە و ئەواندا و دەمانەوێت جێبەجێ بکرێت و پێشێل نەکرێت.

*** ئەگەر باسی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەین، بەتایبەتی لە کەرکووك و جەلەولاو شنگال و خورماتوو کە بارودۆخێکی نائاسایی و داگیرکراوەو ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی کوردیش ئاوارەو دەربەدەرن، باشە ئەگەر ئەم ناوچانە دۆخەکەی هەر وابمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێش ساڵی ٢٠١٤ واتە (ئیدارەی هاوبەش)، ئایا کوردستانییان دەتوانن ئازادانە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئاوارەکانیش نەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- لە راستیدا ئەو ناوچانە داگیرکراون، هەربۆیە بە تەئکید بارودۆخی نائارامی و نائاسایی ئەم ناوچانە کاریگەریی دەبێت لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئومێدەوارین تا وادەی هەڵبژاردنەکان بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێنەوەو ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، نابێت ئەو ناوچانە تاکلایەنانە حوکمڕانی بکرێن، دەبێت دەسەڵاتدارێتی لەو ناوچە کوردستانییانە بەهاوبەشی بێت، هەروەکو چۆن لە ٢٠٠٣ وە تاکو داگیرکردنی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەردەوام بوو. خۆ ئەگەر دۆخەکە هەروا مایەوە ئومێدەوارین جەماوەری ئێمە لەو شوێنانەی نیشتەجێبوون دەنگی خۆیان بۆ پارێزگاکانی خۆیان بدەن، چونکە لەدەستدانی یەکدەنگیی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکان لە ئاییندەدا کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاییندەی ئەو ناوچانە.

**ئەو نەخشە سیاسییەی ئێستای عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەروەک ئێستا نامێنێتەوە، چونکە تەنانەت شیعەکانیش باڵی جیاوازیان هەیە، بە هەمان شێوە سوننە و کوردیش، بەڵام ئێمە تەمەننا دەکەین بتوانین وەک کورد ستراتیژیەتێکی یەکگرتوومان لە پەرلەمانی عێراق هەبێت**

**تاکو ئێستا بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق ١٢٨ قەوارەی سیاسی تۆمار کراون، لەناوخۆی کوردستانیشدا چەند قەوارەیەکی نوێ دامەزراون، بەڵام من باوەڕم ناکەم هیچ کام لەم قەوارە نوێیانە کاریگەریی لەسەر دەنگەکانی پارتی هەبێت، چونکە دەنگ لەو قەوارانەی خۆیان دەبەن کە پشتیان پێ بەستوون**

**دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەنگدانەوەی رووداوەکان دەبێت، ئیدی رووداوی سیاسی، یان سەربازی، یان ئابووری بن، واتە بە دڵنیاییەوە هەر رووداوێک روویدابێت و رووبدات، کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەی هەڵبژاردنەکان دەبێت**

# ریفراندۆم و دادگای فیدڕاڵی

دادگای فیدڕاڵیی عێراق بە یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بڕیاری کۆماری ژمارە(٢) ی لە ١-٦-٢٠٠٥ دەرکرد، بەپێی ئەحکامی ماددەی ٤٤ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، دادوەر مەدحەت ئەلمەحمود وەك سەرۆکی دادگای فیدراڵی و هەشت دادوەری دیکەی ئەندام دامەزران،، بۆیە ئەو دادگایە بە شێوەیەکی کاتی دامەزرا، واتا دامەزراوە نەك هەڵبژێردراوە، چەند لایەنێك هەوڵیان دا یاسای ئەنجومەنی فیدراڵ دەربکەن، بەڵام لەلایەنی دەسەڵاتدار ڕێگەیان لێگرتن، چونکە مانەوەی دادگاکە بەم شێوەیە لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت پشت بە بڕیارەکانی ئەو دادگایە ببەسترێت، بڕیارەکانیشی کێشەکان بە یەکجاری یەکلاناکەنەوە کە هەموو لایەك پێیان رازی بن، لەگەڵ ئەوەی کە بڕیارەکانی دادگا فیدراڵییە دەستوورییەکان لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دیموکراسیخوازدا دوورن لە کاریگەریی سیاسی و حزبی، بەڵام لەبەر ئەوەی دادگای فیدڕاڵی لە هەلومەرجی گواستنەوەی کاتی دامەزراوە، بۆیە لەوە بچووکترە کە بڕیاری چارەنووسساز دەربکات و بەدەریش نییە لە کاریگەریی سیاسی و دەستتێوەردانی حزبی، بۆیە ئەگەر بڕیارەکانی لە بەرژەوەندیی لایەنێك بێت ئەوا شەرعییەتی هەیە، بەڵام ئەگەر دژ بوو ئەوا بە بەسیاسیکردن تاوانباریدەکەن، ئەوەش لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ روویدا، کە لیستی ئەلعێراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی بە ٩١ کورسی بەرامبەر ٨٩ کورسیی دەوڵەتی یاسای نوری مالکی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لیستی ئەلعێراقیە دادگای فیدراڵی تۆمەتبارکرد کە بڕیارەکەی هیچ بەهایەکی نییە دوای ئەوەی ماددەیەکی دەستووری لە بەرژەوەندیی ئەو لێك نەدایەوە، لەکاتێکدا کە دەوڵەتی یاسا پێشوازی لە دەستپاکیی دادگاکە کرد، لەبەر ئەوەی کە لە بەرژەوەندیی ئەودا بوو، ئەمەش لێکدانەوەی دادگاکە بوو بۆ ماددەی ٧٦ ی دەستوور ئەو بڕگەیە کە لیستی پەرلەمانی زۆرترین ژمارەیە، کە ئایا مەبەست گەورەترین لیستە-کە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت- پێش هەڵبژاردنەکان یان دوای بەستنی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق؟ دواجار سەرۆکایەتیی وەزیران بەر نوری مالکی کەوت کە لیستەکەی بە دوو کورسی لە لیستەکەی ئەیاد عەلاوی کەمتر بوو.

وا دیارە دادگای فیدڕاڵی هەر لەژێر کاریگەریی سیاسیدا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی دادگایەکی شەرعیی تەواو هەڵدەبژێردرێت، کە ئەمە زەحمەتە، چونکە گەیشتووینەتە قۆناغی حوکمی زۆرینەی سیاسیی ئایدیۆلۆژی و هەموو سازانێکی سیاسی پێشێل دەکات.

بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستووری عێراقی پێویستە ئەنجومەنێکی فیدراڵی پێکبهێنرێت تا شوێنی ئەو دادگایە بگرێتەوە، ماددەکە دەڵێت: ئەنجومەنێکی تەشریعی بە ناوی ئەنجومەنی فیدراڵی دادەمەزرێت کە نوێنەرانی هەرێم و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی تێدایە، پێکهێنانی و مەرجەکانی ئەندامێتی و پسپۆرییەکانی بە یاسایەکی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان رێکدەخرێت،

ئێمە هەوڵماندا لەم خولەدا یاساکە دەربکەین، بەڵام بێ سوود بوو، هەر لایەنێك بۆچوونی خۆی دەربارە دەخستەڕوو، کە دژی دەستوورو پرەنسیبەکانی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی بوو، هەندێکیشیان مۆرکی تایفەگەرییان پێوە دیار بوو، بۆیە یاساکە هەر لە ئەرشیفدا مایەوە.

ئەمە پێشەکییەکی پێویست بوو تاکو خوێنەری

**لەبەر ئەوەی دادگای فیدڕاڵی لە هەلومەرجی گواستنەوەی کاتی دامەزراوە، بۆیە لەوە بچووکترە کە بڕیاری چارەنووسساز دەربکات و بەدەریش نییە لە کاریگەریی سیاسی و دەستتێوەردانی حزبی، بۆیە ئەگەر بڕیارەکانی لە بەرژەوەندیی لایەنێک بێت، ئەوا شەرعییەتی هەیە، بەڵام ئەگەر دژ بوو ئەوا بە بەسیاسیکردن تاوانباری دەکەن**

د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی



بەڕێز بە لاوازیی هەڵوێست و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەرامبەر بە ریفراندۆمی کوردستان ئاشنابێت، دیارە دادگا دەستوورییەکان کاتێ بڕیار دەردەکەن خۆیان لە مۆرکی سیاسی بەدووردەگرن، واتا بەپێی یاساو دەستوورە نەك بە گوێرەی حەزو مەرامی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو،ئەوەی تایبەت بە ریفراندۆمی کوردستان روویدا، بڕیاری یەکەمی دادگاکە بوو بە حوکمی وەلائی، واتا ئەنجامنەدانی تا ئەو کاتەی بڕیار لە شەرعییەت و دەستووریەتی دەدەن، واتا ئەمە دەستپێکی بڕیارێکی دیکەی سیاسی بوو کە پێشتر زانراوە، چونکە ناکرێ دادگا بڕیارێکی وەلائی دەربکات بۆ قەدەغەکردنی پرۆسەیەکی دیموکراسی کە لە چوارچێوەی ئازادیی رادەربڕینە بەپێی ماددەی ٣٨ی دەستوور کە دەڵێت: دەوڵەت رێگەدەدات -کە سیستەمی گشتی پێشێل ناکات- یەکەم: ئازادیی رادەربڕین بە هەموو رێگەیەك، ریفراندۆمی کوردستان سیستەمی گشتیی پێشێل نەکرد، رێگەیەکی شارستانی و دیموکراسیی رادەربڕینە، ئەوە دادگای فیدراڵی بوو کە ماددە دەستوورییەکەی پێشێلکرد، چونکە ریفراندۆمی قەدەغەکرد، دوای ئەنجامدانیشی لەباتی ئەوەی رێز لە ئازادیی رادەربڕینەکە بگرێت شێوازی سەربازی گرتەبەر، بڕیاری ستەمکارانەی سیاسی دژی گەلی کوردستان دەرکرد، سەرۆك بارزانی پێی گوتن من سزابدەن و گەلەکەم سزامەدەن، بەڵام سووربوون لەسەر سزادانی گەل، ئەمەش بەڵگەیە کە ریفراندۆم بڕیاری گەلە نەك حزبێك یان کەسێکی دیاریکراو.

پرسیارێك دێتە کایەوە کە ئایا دادگایەك کە لەلایەن حکومەتێکی کاتییەوە دامەزرابێت دەتوانێت ریفراندۆمێکی جەماوەری و ئاشتییانەو دیموکراسی کە ملیۆنان کەس بەشداری تێدا کردووەو رێژەی نزیکەی ٩٣٪ی هێناوە بە نادەستووری وەسف بکات، لەوەش خراپتر هەڵیوەشێنێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە بڕیارێکی سیاسییە، ئەگەر نا بۆچی دادگاکە ئەم بڕیارەی دەرکرد، ئەگەر سیاسی نەبوو بۆچی دادگای فیدراڵی ماددەکانی دەستوور بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە، ئێمە رێز لە هەموو بیروبۆچوونێکی هەر لایەنێکی سیاسی دەگرین، بەڵام بڕیار لە هەڵوەشاندنەوەی بدات ئەوەیان ماقوڵ نییە، چونکە ریفراندۆم قەناعەتی گەلە وەك باوەڕ کە کەس ناتوانێت باوەڕ بسڕێتەوە، ریفراندۆم بە بڕیاری گەل هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەش زەحمەتەو پێویستی بە ریفراندۆمێکی دیکە هەیە کە گەل بڕیاری لێبدات، چونکە بڕیاری کەسێك نییە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کاتێ بڕیاری سڕکردنی ریفراندۆمی دا، بۆ ئەوە بوو تا گفتوگۆیەکی راشکاوانەوەی جیددی لەگەڵ بەغدا دەست پێ بکات، سڕکردنیش بە واتای هەڵوەشاندنەوە نییە، ئەوەیان مافی رەوای گەلی کوردستانە تا چارەنووسی خۆی دیاریبکات. پێویستمان بە ریفراندۆمێکی دیکە نییە، چونکە بە فەرمی ئەنجامماندا، قۆناغی داهاتوو راگەیاندنی دەوڵەتە.

با چەند پرسیارێك لە دادگای فیدراڵی بکەین، ئەگەر لۆژیکانە و بە قەناعەت وەڵامی داینەوە، ئەو کاتە دان بە بڕیارەکانی و بە راستگۆیی و پیشەییەکەییدا دەنێین:

١- هەڵوێستی دادگای فیدراڵ لە بڕینی بودجەی گەلی گوردستان لەکوێ بوو، کاتێ پەرلەمان بڕیاری لێدا، بۆچی لەو ستەمە بێ دەنگ بوو؟

٢- هەڵوێستی دادگاکە لە قەدەغەکردنی پێدانی چەك و مووچە بە پێشمەرگە لە کوێ بوو کە بەشێکە لە سیستەمی بەرگری؟ لە

**بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستووری عێراقی پێویستە ئەنجومەنێکی فیدراڵی پێکبهێنرێت تا شوێنی ئەو دادگایە بگرێتەوە، ماددەکە دەڵێت: ئەنجومەنێکی تەشریعی بە ناوی ئەنجومەنی فیدراڵی دادەمەزرێت کە نوێنەرانی هەرێم و پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی تێدایە، پێکهێنانی و مەرجەکانی ئەندامێتی و پسپۆڕییەکانی بە یاسایەکی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان رێکدەخرێت**

**ئایا دادگایەک کە لەلایەن حکومەتێکی کاتییەوە دامەزرابێت، دەتوانێت ریفراندۆمێکی جەماوەری و ئاشتییانەو دیموکراسی کە ملیۆنان کەس بەشداری تێدا کردووەو رێژەی نزیکەی ٩٣٪ی هێناوە بە نادەستووری وەسف بکات، لەوەش خراپتر هەڵیوەشێنێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە ئەوە بڕیارێکی سیاسییە، ئەگەرنا بۆچی دادگاکە ئەم بڕیارەی دەرکرد، ئەگەر سیاسی نەبوو، بۆچی دادگای فیدراڵی ماددەکانی دەستوور بە ئارەزووی خۆی لێکدەداتەوە؟**

**چینی سیاسیی شیعە دوای رووخانی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ تا دوێنێ پێویستی بە ئێمە بوو بۆ ئەوەی سوننە لە پرۆسەی سیاسی دابڕێنن و شەرعییەت بدەن بەو حکومەتەیان، بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بۆ ئێمە هێنا، تاکو یاساکانیان تێپەڕێنن، کاتێکیش کەوتە سەر پێ و بەهێز بوون لە قۆناخی یەکەمدا وازیان لێهێناین، لە قۆناخی دووەمیشدا لاوازیان کردین، تاکو ئەو قەوارە سیاسییەمان کە هەرێمی کوردستانە لەبەین بەرن**

ماددەی ٢٢١- سێیەم و پێنجەمدا هاتووە( پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتی ئیتیحادی بۆ هەرێم وپارێزگاکان تەرخاندەکرێت، کە بەشی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیان بکات، بە رەچاوکردنی داهات و پێویستییەکان و رێژەی دانیشتوانیان، پێنجەم: حکومەتی هەرێم تایبەت دەبێت بە هەموو پێویستییەکی هەرێم، بە تایبەتیش دامەزراندن و رێکخستنی هێزی ئاشایشی ناوخۆ وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی سنوور.

٣- هەڵوێستی دادگا لە ماددەی ١٤٠ لە کوێ بوو کە داوا لە حکومەتی فییدراڵ دەکات کێشەی کەرکوك و ناوچە کێشەلەسەرەکان چارەسەربکات؟ کە بە دەق دەڵێت، یەکەم:(ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، راپرسیی لە کەرکوك و ئەو ناوچانە بکرێت) لە دوا ماوەدا کە ٣١-١٢-٢٠٠٧ بوو، ئێمە وا گەیشتینە ٢٠١٨، تەنانەت دادگا گرنگیی بەو ماددەیە نەدا، بەڵکو پشتگیریی لە هەنگاوە سەربازییەکانی حکومەتی بەغدا کرد دژی ئەو ناوچانە لە بڕیاری ١١٣ی رۆژی ٢٩-١٠-٢٠١٧، لەگەڵ ئەوەی کە دادگای فیدڕاڵی پێشتر لە بڕیاری ژمارە ١١ی رۆژی ٢٤-٢-٢٠١٣ بڕیاری دابوو کە دەربارەی ناوچە جێناکۆکەکان رای خۆی دەرنابڕێت، کەچی ئەمڕۆ بڕیارێکی دیکە دژی بڕیاری پێشوو دەردەکات، چونکە حکومەت پێویستی پێیەتی، ئایا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئەو دادگایە شەرعی نییە بەڵکو سیاسییە؟ بۆیە نابێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نێوان بەغداو هەولێر پشتی پێ ببەستین.

٤- کوا هەڵوێستی لە بەکارهێنانی هێز لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان ئایا ئەمە پێچەوانەی ماددەی دەستووریژمارە(٩) نییە، یەکەم: أ- هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئەمنییەکان لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێن، بە رەچاوکردنی هاوسەنگییان بەبێ پەراوێزخستن، دەخرێنە ژێر فەرماندەیی دەسەڵاتی مەدەنی، بەرگریی لە عێراق دەکەن و نابنە داردەست بۆ سەرکوتکردنی گەلی عێراق و دەست لە سیاسەت وەرنادەن، کوا هەڵوێستی لە بەشداریکردنی میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵ؟ ئایا ئەمە پێشێلکردن نییە لە ماددەی (٩)، ب- پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکان قەدەغەیە.

٥- کوا هەڵوێستی لە گۆڕینی ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئەمە سەرپێچی نییە لە ماددە(١١٧) ی دەستووری عێراق، یەکەم: ئەم دەستوورە لە کاتی جێبەجێکردنیدا دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ.

٦- بۆچی دادگا ئاماژە بۆ دیباجەی دەستوورەکە ناکات کە رۆحی دەستوورەو رستەیەکی گرنگی تێدایە کە راستیی عێراقی تازە رووندەکاتەوەو دەڵێت: پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتیی ئازادانەی عێراق و خاکەکەی و سەروەرییەکەی دەپارێزێت، ئایا ئاماژەی داوە بۆ ئەو بڕگەیە کە یەکێتیی عێراق بە زۆری و زۆرەملێ نییە بەڵکو ئارەزوومەندانەیە؟ مانای وایە مافی کوردستانە لەم یەکێتییە بێتە دەرەوە ئەگەر پابەندبوون بەم دەستوورە نەبوو کە تاکە زامنی یەکێتیی عێراقە، بەڵام جێی داخە کە دادگاکە ئاماژەی بەم بڕگەیە نەداوە کە نیگەرانی کردووە، تەنیا تەرکیزی لەسەر ئەو ماددانە کردووە کە لە بەرژەوەندیی حکومەتدان، لەوانەش ماددەی (١) کە دەڵێت: کۆماری عێراق یەك دەوڵەتی فیدڕاڵی سەربەخۆیە و تەواوی سەروەریی هەیە، سیستەمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری و پەرلەمانی و دیموکراسییە و ئەم دەستوورە زامنی یەکێتیی عێراقە، نابێت لەبیرمان بچێت کە ئەم ماددەیە ئاماژە بەوە دەکات کە عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵییە، بەڵام پێشتر لە دیباجەکەدا وەسفی کردووە کە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی ئازادە، دواتر زانراوە کە ئەم ماددەیەو بڕگەکەی دیباجەکە تەرکیزیان لەسەر خاڵێکی گرنگ کردووە، ئەویش پابەندبوونە بە دەستوور، کە بڕگەیەکی گرنگە مانای وایە پابەندنەبوون بە دەستوور یەکێتیی عێراق زامن ناکات، دادگاکە دەربارەی پێشێلکردنی زیاتر لە (٥٠) ماددە لەلایەن بەغداوە بێ دەنگبووە، ئێمەش پەنامان بۆ ریفراندۆم برد لە ترسی ئەو پێشێلکارییە مەترسیدارانەی دەستوور، ئەگەر دەستوورەکە بە چاودێرییەکی راستەقینەوە لەلایەن دادگای فیدڕاڵییەوە جێبەجێ بکرایە، پەیوەندیی بەغداو هەولێر بەم ئاستە نەدەگەیشت.

رەنگە یەکێك بپرسێت کە دادگاکە بڕیار بۆ هیچ کەیسێك دەرناکات مەگەر دوای تۆمارکردنی داوای دادگایی نەبێت، ئەمە راستە، بەڵام ئێمە لە ترسی بڕیارەکانی ئەو نەبادا رەنگدانەوەی نەرێنیان لەسەر کوردستان هەبێت، چونکە دادگایەکی هەڵبژێردراو نییەو ماوەی ئەندامانی

درێژەی کێشا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی راستترین دەستەواژەی بەکارهێنا کاتێ حکومەتی عەبادی بە کەسێك چواند کە دەچێتە خواردنگەیەك و مینۆی خواردنەکە وەردەگرێت و ئەو خواردنە هەڵدەبژێرێت کە خۆی حەزی لێیەتی، ئەو خواردنانەشی کە بە دڵی نین وازیان لێ دەهێنێت، حکومەتەکەی عەبادیش لە جێبەجێکردنی دەستوردا ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئەو دا بێت ئەنجامی دەدات، هەموو بڕیارەکانی حکومەتەکەی عەبادی دوای ریفراندۆم سیاسین، ئەگەر راستگۆ بوایە لە پابەندبوون بە دەستوور هەموو ماددەکانی جێبەجێ دەکرد، ئەمەش ئەو ئایەتەمان بیردێنێتەوە (أفتؤمنون ببعض الکتاب وتکفرون ببعض)، با روون بێت کە حکومەتی کوردستان جەخت دەکاتەوە لەسەر پرەنسیبی جێبەجێکردنی دەستوور، ئەگەر دەستوور جێبەجێکرا ئەوا هەموو گەلی عێراق سوودی لێدەبینن، هەروەها هیچ کێشەیەکیش لەنێوان بەغداو هەولێر نامێنێت، تەنانەت ریفراندۆمیش کە مافێکی سرووشتیی گەلانە دوای بێ ئومێدبوونمان لە بەغدا ئەنجامماندا، هەروەها ئەو دەستوورە بێ بەها بوو، ئەگەر کوردیش نەبا ئەو دەستوورە لە عێراقی تازە لەدایك نەدەبوو.

جێی داخە کە بڵێین چینی سیاسی شیعە دوای رووخانی سەدام حوسێن لە ساڵی **٢٠٠٣** تا دوێنێ پێویستی بە ئێمە بوو بۆ ئەوەی سوننە لە پرۆسەی سیاسی دابڕێنن و شەرعییەت بدەن بەو حکومەتەیان، بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بۆ ئێمە هێنا، تاکو یاساکانیان تێپەڕێنن، کاتێکیش کەوتە سەر پێ و بەهێز بوون لە قۆناخی یەکەمدا وازیان لێهێنایین، لە قۆناخی دووەمیشدا لاوازیان کردین تاکو ئەو قەوارە سیاسییەمان کە هەرێمی کوردستانە لەبەین بەرن، سەرەتا زاراوەی باکووری عێراقیان لەباتی پێشمەرگە بەکارهێنا، ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە بەرەنگاری ئەو پرۆژە مەترسیدارە نەبوونایە، هەروەها دیبلۆماسییەتی سەرکەوتووی کورد لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە تایبەتیش ئەمریکا و فەرەنساو دەوڵەتانی دۆست نەبووایە ئەمەیان بۆ دەهاتەدی؟ بەڵام دیارە ئەو دەوڵەتە دیموکراسییانە ئامادەنین قوربانیی بە ئەزموونی مەدەنی و دیموکراسیی کوردستان بدەن لەپێناو دەسەڵاتێك کە ناوەندیی بڕیاری دیار نییە، دەسەڵاتێکی فرەڕەنگە بەپێی هەلومەرجەکان، دەبینین لەپێش رۆژئاوادا دیموکراسییە و لەبەردەم عەرەبدا عەرەبییە و ئیسلامیشە لەبەردەم ئیسلامییەکان، هەروەها تایفەگەرە لەبەردەم تایفەگەراندا، ئەمانەش سیمای دەوڵەتی سەرکەوتووی دیموکراسی نین، بەڵکو سیمای دەوڵەتێکن کە ئایندەی نەبێت، بەڵام حکومەتی کوردستان روون و راشکاوانەیە لە رەتکردنەوەی حکومەتی تایفەگەری و ئایینی و خوازیاری دیموکراسیی راستەقینەیە.

پێموایە کە پێش ئەوەی ریفراندۆم هەڵوەشێنینەوە پێویستە دادگای فیدراڵ هەڵوەشێنینەوە کە بۆتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی دیموکراسی و مەدەنی و ئاوەدانی و شەراکەتی نیشتمانی، ئەو دادگایە پشتگیریی لە هەنگاوەکانی حکومەتی فیدراڵ دەکات و بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم داخوازییەکانی گەلی کوردستان، پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە کە دادگا بۆ دەوڵەتی فیدراڵ پێویستە، بەڵام دادگاکانی عێراق رۆڵی راستەقینەی خۆیان نابینن، بەڵکو بوونەتە ئامراز بۆ هەندێ لایەن کە بڕیار دەردەکەن، چەندین بێتاوان کراونەتە تیرۆریست و بە پێچەوانەوە، کەواتە چۆن دەتوانین باسی دادپەروەری و یاساو دەستوور بکەین وبڕوامان بە بە بڕیارە ناجێگیرو نادادپەروەرەکانیان هەبێت، دادگاکان بۆ لەناوبردنی گەندەڵی و ستەم دامەزراون نەك بۆ ئەوەی چەند سیاسەتوانێك دەست لە جومگەکانی دەسەڵات وەربدەن، هیچ خێرێك لەو وڵاتەدا نییە کە سیاسەت دەست لەکاروباری دادوەری وەربدات.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە بڕیاری دادگاکە بە نادەستووریی ریفراندۆم هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، چونکە ریفراندۆمی کوردستان گوزارشت لە رای ملیۆنان خەڵك دەکات، بەڵام دادگاکە گوزارشت لە رای چەند کەسێك دەکات کە لەلایەن حکومەتێکی کاتییەوە دامەزراون و فەرمانبەری دەوڵەتی عێراقن، ریفراندۆم لە دادگای فیدراڵ گەورەترە، بۆیە نابێت دادگایەکی بچووك ریفراندۆمی نەتەوەیەکی مەزن هەڵوەشێنێتەوە، ئەم ریفراندۆمە بەڵگەنامەیەکی مێژووییە تا هەتایە دەمێنێت، ئەگەر ئەمڕۆ لەبەر هەلومەرجی سەختی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمی نەتوانین دەوڵەت رابگەیەنیین، ئەوا هەمیشە وەك بەڵگەنامەیەك بۆ نەوەکانی ئایندە دەمێنێتەوە، تاکو دەوڵەتی سەربەخۆیان رابگەیەنن هەر کاتێك هەلومەرج و زەمینە لەبارو گونجاو بوو.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**پێش ئەوەی ریفراندۆم هەڵوەشێنینەوە پێویستە دادگای فیدراڵ هەڵوەشێنینەوە کە بۆتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی دیموکراسی و مەدەنی و ئاوەدانی و شەراکەتی نیشتمانی، ئەو دادگایە پشتگیریی لە هەنگاوەکانی حکومەتی فیدراڵ دەکات و بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم داخوازییەکانی گەلی کوردستان، پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە کە دادگا بۆ دەوڵەتی فیدراڵ پێویستە، بەڵام دادگاکانی عێراق رۆڵی راستەقینەی خۆیان نابینن، بەڵکو بوونەتە ئامراز بۆ هەندێ لایەن کە بڕیار دەردەکەن**

**بڕیاری دادگاکە بە نادەستووریی ریفراندۆم هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، چونکە ریفراندۆمی کوردستان گوزارشت لە رای ملیۆنان خەڵك دەکات، بەڵام دادگاکە گوزارشت لە رای چەند کەسێك دەکات کە لەلایەن حکومەتێکی کاتییەوە دامەزراون و فەرمانبەری دەوڵەتی عێراقن، ریفراندۆم لە دادگای فیدراڵ گەورەترە، بۆیە نابێت دادگایەکی بچووك ریفراندۆمی نەتەوەیەکی مەزن هەڵوەشێنێتەوە**




**ستافۆر کلاری**

لە پەنێڵێکی (ئەنیستیتیۆتی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان)دا:

# دادگای فیدراڵی عێراق دەستووری نییە و هەتا ئێستا دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراقدا دانەمەزراوە



# جێبەجێکردنی دەستوور گەرەنتییە بۆ یەکپارچەیی عێراق نەک حکومەتی فیدراڵی

## دەستووری عێراق ریفراندۆمی قەدەغە نەکردووە، بەڵکو رێز لە مافی ئازادی رادەربڕین دەگرێت

**ئەنیستیۆتی تویژینەوە و گەشەپیدان – کوردستان، کە ناوەندێکی ناحکوومییە بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان دامەزراوە و بایەخ بە هەموو ئەو پرس و بابەتانە دەدات کە پەیوەندییان بە سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا هەیەو لەم بوارەشدا هەفتانە چالاکیی جۆراوجۆر لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی حوکمڕانیی کوردستان ئەنجام دەدات، هەفتەی رابردوو پەنێڵێکی بۆ بەڕێز ستافۆر کلاری (راوێژکاری باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەبارەت بە دەستووری عێراق و ئەو ماددانەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، گرێدا، لەم پەنێڵەدا کلاری زۆر بە وردی باسێکی ئامادە کردبوو لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستوور و هەروەها پابەندبوونی حکومەتی کوردستان عێراق بە دەستوورەوە، کە ئاماژەی بە ٢٧ ماددەی دەستوور کردووە**

بەپێی ئەو پێناسەی کە گوگل و ویکیپیدیا کردوویانە، دەستوور بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیپ بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن حوکمڕانی دەکرێت، حوکمڕانییش بە هەموو ئەو پرەنسیپانە بەڕێوەدەچێت کە لە دەستوورەکەدا هاتووە، نەك بە بەشێکی، ئەمەش واتە یان پابەندبوون بەهەموو دەستوورەکە و هەموو پرەنسیپەکان پێکەوە، یاخود هیچ.

دەستوور مینۆی چێشتخانەکان نییە، بەڵکو پێچەوانەی مینۆی چێشتخانەکانە، لەبەر ئەوەی دەستووری نیشتمانی دیکۆمێنتێك نییە بۆ ئەوەی ماددەکانی هەڵبژێریت، هەر بۆیە ئەگەر وەك مینۆی چێشتخانە سەیر بکرێت، ئەوا دەبێت پابەند بیت بەوەی هەرچی لەو مینۆیەدا هاتووە بیخۆیت و دەبێت لە هەموو کاتێکیشدا ئامادەبی بیخۆیت.

دەستووری نیشتمانی یاسای باڵایە لەسەر زەوی، ئەمەش واتە هاووڵاتی لەگەڵ دەستوورەکەی رێگەی پێ نادرێت و هیچ بژاردەیەکی لەبەردەمدا نییە بەوەی پابەندی ماددەیەکی دەستوورەکە بێت و ماددەیەکی دیکەی پێشێل بکات.

هەولێر و بەغدا هەر لایەکیان دەستووریان بەکارهێناوە بۆ تەبریری هەڵوێستەکانی خۆیان و ئەو هەنگاوانە بکەن کە مەبەستیان بووە هەڵیبگرن، ئەو شێوازەی هەردوولا لەهەمبەر دەستوورە لێی راوەستاون، وەك دوو راوەستانی جیا بووە، بەڵام پێکەوە لەسەر چینێکی تەنکی سەهۆڵ راوەستاون.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا سەرەنجام دەستووری عێراق ئەو بایەخەی پێدەدرێت کە شایستەیەتی؟ ئایا بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە لە بەرژەوەندیی هەموو هاووڵاتیانی عێراقدا بێت؟ ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، وەك ئەوەی هەیە، دەکرێت هەموو عێراقییەکان پێکەوە لێی سوودمەند دەبن؟ بەڵام ئەگەر تەنیا وەك وشەی سەر کاغەز بمێنێتەوە، ئەوا دەستوورەکە لە خۆیەوە هیچی پێناکرێت.

حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە وتارێکیدا کە رۆژی ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاوی کردۆتەوە، تیایدا ئاراستەی سیاسەتی خۆی بەو جۆرە رایگەیاندووە کە دەستوورەکەی بە هەڵە بۆ ئامانجەکانی خۆی تەفسیر کردووە، کە ئەویش بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر باڵادەستی و دەسەڵاتی سەنتراڵی حکومەت بەسەر حکومەتی هەرێمدا.

ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کردووە کە حکومەتی عێراق لەکۆی ١٤٤ ماددەی دەستووری، ٥٥یانی پێشێل کردووە، بە تەواویش لە جێبەجێکردنی ١٢ ماددەی دەستووری دیکەشدا شکستی هێناوە.

هەر بۆیە ئەگەر هەوڵی دڵسۆزانە بدرایە بۆ ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و ئەو سەرچاوە گەورەیەی مرۆیی و سروشتی بخرایەتەگەڕ و بە شێوەیەکی شەفاف و

**و رای خـۆی لەبـارەوە گوتـوون، کـە تایبەتـن بـە پرسـی ریفرانـدۆم و مـاف و دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەسـتوورەکەدا، بـۆ ئـەوەی خوێنەرانـی گـوڵان لـەم باسـە گرنگـە بێبـەش نەبـن، بـە باشـمان زانـی باسـەکە بکەینـە کـوردی و بـڵاوی بکەینـەوە، سـوپاس و پێزانینـی خۆشـمان ئاراسـتەی ئەنیسـتیتیۆتی توێژینـەوە و گەشـەپێدان- کوردسـتان دەکەیـن کـە دەقەکەیـان بـە زمانـی ئینگلیـزی بـۆ ناردیـن.**

- **لەبارەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقەوە**
- **ئەگەر دەستووری عێراق بوونی نەبێت. عێراقیش بوونی نییە**
- **نووسینی: ستافۆر کلاری – راوێژکاری باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەرپرسیارانە بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی هەموو هاووڵاتیان بەکاربهێنرایە، ئەوا بە چاوپۆشین لە باکگراوەندی ئیتنی و ئایینی، بە شێوەیەکی مەزندەنەکراو ئیمکانیەتێکی هێندە گەورە دەهاتە ئاراوە کە دەبووە سەرچاوە بۆ گەلێکی بەختەوەر و خۆشگوزەران لە هەموو جیهاندا، بەمەش عێراقییەکان کارێکی موعجیزە ئاسایان پیشانی جیهان دەدا. هەروەها ئەگەر دەستوور جێبەجێ بکرایە، ئەوا ریفراندۆم نەدەکرا، ریفراندۆم بۆیە کرا لەبەر ئەوەی دەستوورەکە رێزی لێ نەگیرا و مافی هاووڵاتیان پارێزگاری لێ نەکرابوو.

**دەستووری عێراق ریفراندۆمی قەدەغە نەکردووە**

لە راستیدا دەستووری عێراق ریفراندۆمی قەدەغە نەکردووە، بەڵکو دەستوور (گەرەنتیی مافی ئازادی رادەربڕینی کردووە، ئەوجا ئەم مافە بە هەر رێگەیەك بکرێت)، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ریفراندۆم شەرعی و یاساییە. ئەوەی لە هەقیقەتدا ناشەرعی و نایاساییە ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی عێراق پەنای بۆ توندوتیژی بردووە و ئەو هێرشە دوژمنکارییانەی کردووە، ئەمەش بە ئاشکرا پێچەوانەی دەستوورەو وڵات لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت و دەبێتە هۆکاری کەڵەکەبوونی جیاوازییە سیاسییەکان لەناو کۆمەڵگەکاندا.

ئەو هێرشە دوژمنکارانەیەی بەدوای ریفراندۆمدا هاتووە، بۆتە هۆکاری کەوتنەوەی سەدان قوربانی، بە دەیان هەزار خێزان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون، ماڵەکانیان و شوێنی کاروکاسبییان تاڵان کراوە و سووتێنراون، رەفتاری دڕندانە ئەنجام دراون. ئەمە وێڕای هەڕەشە و تۆقاندن و سووکایەتیکردنی بەردەوام. ئەم شێوازی توندوتیژییە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی سەدام حوسێن کە هیچ پێویستمان پێی نییە و دەبێت دووری بخەینەوە.

دەستووری عێراق راشکاوانە دەڵێت: هەرێمی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵییەوە دانی پێدا نراوە و سوپای عێراق رێگەپێدراو نییە کە دژی عێراقییەکان بۆ ئامانجی سیاسی بەکار بهێنرێت. کێڵگەکانی نەوت و گاز بە هاوبەشی بەڕێوەدەبرێن و داهاتەکەشی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێت، تەنیا دادگای باڵای فیدراڵی )کە تا ئێستا دانەمەزراوە) دەتوانێ کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە. هەروەها دەستوور داوا دەکات کە ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان (ئەنجومەنی فیدراڵی) دابمەزرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگاکان بکات.

**خوێندنەوەی دەستووری عێراق ئاسانە، بەڵام زۆر گرنگە**

دەستووری عێراق و تەواوی ١٤٤مادەکەی خوێندنەوەی زۆر ئاسانە و بە زمانێك نووسراوەتەوە کەسێکی قوناغی ئامادەیی بە ئاسانی تێیدەگات، هەروەها ئەم دەستوورە جێگرەوەی یاسای کاتیی ئیدارەی قۆناخی راگواستن (TAL) ی عێراقە، ئەم یاسایە (TAL) لەلایەن

ئەنجومەنـی حکومـی عێـرق وەك دەسـتووری کاتیـی عێـراق لـە مارتـی سـاڵی ٢٠٠٤ دەرکرابـوو، لـە مانگـی حوزەیرانـی٢٠١٤ دوای رادەسـتکردنی دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانـان بـە سـەرۆکایەتی ئەمریـکا بـۆ حکومەتـی عێراقـی، کەوتـە واری جێبەجێکردنـەوە، پاشـان دەسـتووری هەمیشـەیی عێراق بـووە جێگـرەوەی یاسای ئیـدارەی قۆناخی ئینتیقالی (TAL) دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی هەمیشـەیی لـە ٢٠٠٦ دەسـەڵاتی گرتەدەسـت.

یاسـای کاتیـی ئیـدارەی قۆناخـی راگواسـتن بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی لەلایـەن ١٠ پیـاوەوە نووسـراوەتەوە، دوو کەسـایەتی دیـاری عێراقـی تێدابـوو کە بریتـی بوون لـە فەیسـەل ئیسـترابادی و عەدنـان پاچەچـی، هەردووکیـان پێشـتر پۆسـتی باڵیـۆزی عێراقیـان لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەبـووە، عەدنان پاچەچی پێشتر وەزیـری دەرەوەی عێراقیـش بـووە، فەیسـەل ئیسـترابادی دکتـۆرای لـە زانسـتی دادپـەروەری و یاسـای لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا وەرگرتبـوو.

هـەروەك چـۆن عێراقییـەکان دەسـتووری ئیـدارەی قۆناخـی ئینتیقالییـان داڕشـت، بەهەمـان شـێوە هـەر عێراقییـەکان دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥یـان داڕشـتووە، هـەر بۆیـە هەتـا ئاساتێکی زۆر، دەسـتوور رەنگدانـەوەی یاسـای ئیـدارەی قۆناخـی راگواسـتنە.

دیباجـەی دەسـتووری عێـراق شایسـتەی ئەوەیـە لانیکـەم چەنـد جارێـك بخوێنرێتـەوە، ئـەم دیباجەیـە ئامـاژە بـۆ ئـازاری چەوسـانەوەی مەزهەبگەرایـی و رەگەزپەرسـتی دەکات، وەك هەڵەبجـە و بـارزان و ئەنفـال، بـاس لـە عێراقێکـی نـوێ دەکات کـە دوور بێـت لـە مەزهەبگەرایـی و پەراوێزخسـتن. بـۆ دروسـتکردنی نیشـتمانی یاسا لەگـەڵ دابەشـکردنی دادپەروەرانـەی داهات و دوورکەوتنـەوە لـە دوژمنـکاری سیاسـی، بـۆ بڵاوکردنـەوەی کەلتـووری فرەیـی و رەتکردنـەوەی تیرۆریـزم.

لـە دیباجـەی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا هاتـووە:

«ئێمـەی گەلـی عێـراق. بـە متمانەبـوون بـە داهاتـوو و لـە رێـی رژێمێکـی کۆمـاری دیموکراسی فرەیی. پەیمانمان داوە هیمەت بکەیـن بـۆ رێزگرتنـی یاسـا»

«ئێمـەی گەلـی عێـراق بەسـەرجەم پێکهاتەکانیـەوە بـە تـەواوی ویسـتی خۆمـان بـە ئازادانـەو ئارەزوومەندانـە بڕیـاری یەکگرتنـی ئارەزوومەندانەمـان داوە . و ئـەم دەسـتوورەمان دانـاوە.»

«پابەندبوون بەم دەستوورەوە یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت.»

واتـە دیباجـەی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراق پێمـان دەڵێـت: کـە یەکێتـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ عێـراق ئارەزوومەندانەیـە، هەروەهـا پابەندنەبـوون بـەم دەسـتوورەوە یەکێتـی گەلـی عێـراق هەڵدەوەشـێنێتەوە کـە بـە ئازادانـە پێکـەوە لـە عێراقـدا، ئـەم یەکبوونـە لەلایـەن کوردسـتانی عێراقـەوە پەسـەند کراوە بەو مەرجـەی حکومەتـی فیدراڵـی ئـەم دەسـتوورە تازەیـە جێبەجـێ بـکات و پشـتگیری لـێ بـکات. لـەو ریفراندۆمـەی لـە ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٥ بـۆ پەسـەندکردنی دەسـتووری عێـراق ئەنجام دراوە، ٩٨٪ی دەنگـدەر لـە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتووری عێراقـی پەسـەند کـردووە.

رۆبـەرت فـۆرد کـە لەسـاڵی ٢٠٠٥ و لەکاتـی داڕشـتنی دەسـتوورەکە راوێـژکار بـووە لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە عێراقـدا، ئـەم ئاراسـتەی پشتراسـت کردۆتـەوە و ئـەوەی روون کردۆتـەوە کـە دەڵێت: مسعود بارزانـی سـەرەنجام لـە ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٥ راشـکاوانە وەڵامـی داینـەوە: ئەگـەر حکومەتی ناوەندی بەغدا رێز لەم دەستوورە تازەیە بگرێـت، ئـەوا حکومەتـی هەرێمـی کوردستان لەناو عێراقێکـی یەکگرتـوودا دەمێنێتـەوە.

### دادگای فیدراڵی عێراق دەستووری نییە

ئـەو حوکمـەی بـەم دواییـە لەلایـەن دادگای بەغـداوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دراوە، جێگـەی پرسیارە. لەبەر ئـەوەی خودی دامەزراندنـی دادگا پرسـیاری لەسـەرە، ئـەم دادگایـە لـە قۆناخـی راگواسـتنی عێـراق دامـەزراوە و لـە مانگـی ئایاری ٢٠٠٦ ماوەکـەی کۆتایی هاتـووە، ئەمـەش واتـە ئـەو کاتـەی دەسـتووری عێـراق کەوتـە بـواری جێبەجێکـردن و جێگـەی یاسـای ئیـدارەی قۆناخی راگواستنی گرتەوە، ئەم دادگایە دیسان لەلایـەن کابینەکـەی نـوری مالکییـەوە بـە خـراپ بەکارهێنـراوە بـۆ نەهێشـتنی سـەربەخۆیی، ئـەم دادگایـە بـە سیاسـی کـراوە و تەمەنـی سـەرۆکی دادگاکـەش وادەی رێگەپێـدراوی تێپەڕانـدووە.



# ئەو ماددانەی لە دەستووری عێراقدا هاتوون و دەبێت هاووڵاتی کوردستان باش لێیان تێبگات

لە کۆی ١٤٤ ماددەی دەستوورەکە، ٢٧ ماددەیان پەیوەندیان بە ئێستای هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەم ماددانە گرنگە بخوێندرێنەوە و دیراسەت بکرێن و لە یادەوەریماندا بمێننەوە.

**ماددەی ١١٧ دەڵێت: ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت، وەک هەرێمێکی فیدراڵی.**

دەستووری عێراق لە ریفراندۆمێکی جەماوەری لە سەرتاسەری وڵاتدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ پەسەند کراوە و لەدوای ئەویش لە دیسەمبەری ٢٠٠٥ هەڵبژاردن کراوە، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦ دوای پێکهێنانی حکومەتێکی تازە کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە، هەرێمی کوردستان پێکدێت لە هەموو، یان بەشێکی ٦ پارێزگا نەك ( ٣) .

**ماددەی ١ دەڵێت:**

**کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، ڕژێمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی(پەرلەمانی) دیموکراسیە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت.**

لە ئەمڕۆی عێراقدا، ئەم وشە سەرەکییانە (فیدراڵی)، (نوێنەرایەتی)، (دیموکراسی)، (گەرەنتی) هەن، بەڵام دەستوورەکە تەنیا وشەیە لەسەر کاغەز و هەتا ئێستا نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی دستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، دەبێت بە ڕەفتاری چاودێریکراو کە ڕەنگدانەوەی یاسا بێت، پشتی پێ ببەستین، هەروەها ئەو هەوڵانەی کە بۆ گەشەپێدانی فیدراڵیزم دەدرێن، بەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی وڵات هەموو پێکەوە لە میانەی نوێنەرایەتییەکی چالاك و دادپەروەرانەوە، بەشداری لە دامەزراوە دیموکراتییەکاندا بکەین. ئەم دامەزراوانە دادگای باڵای فیدراڵی سەربەخۆ و ئەنجومەنی فیدراڵی وەك ئەنجومەنێکی شەرعی پەرلەمانی بوونی دەبێت.

خودی ئەم دەستوورە گەرەنتییە بۆ یەکپارچەیی، نەك حکومەتی فیدراڵی، تەنیا کاتێك ئەم دەستوورە ڕێزی لێدەگیرێت و بە جددی جێبەجێ دەکرێت، دەتوانێ گەرەنتی بێت بۆ یەکپارچەیی عێراق. جێبەجێکردنی دەستووری پێویستی بە بایەخدانێکی زۆر بە ڕێگەکانی جێبەجێکردن هەیە.

**ماددەی ٤ دەڵێت:**

**زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا**

**ئەم ماددەیە زیاتر دەڵێت: زمانی فەرمی لەم بوارانە بەکار دەهێنرێت:**

**١. دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانەکە.**

**٢. قسەکردن و وتووێژ دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا وەک ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.**

**٣. داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.**

**٤. کردنەوەی قوتابخانە بە هەر دوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.**

**هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە، پەساپۆرت، پووڵ.**

**ماددەی ٥ دەڵێت:**

**سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لە ڕێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات.**

**ماددەی ٩ دەڵێت:**
**هێـزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسـایش لـە پێکهاتەکانی گەلـی عێراق پێکدێت. نابێتە دەزگایـەک بـۆ داپڵۆسـینی گەلـی عێراق و دەست وەرنادەنە کاروباری سیاسی..**

((کاتێـك بەغـدا بـەم دواییـە سـوپای عێـراق و هێزەکانـی ئاسایشـی بەکارهێنـا بـۆ توندوتیـژی و داپڵۆسـینی گەلـی عێـراق، لـەم حاڵەتـەدا بـۆ کاروبـاری سیاسـی بەکاریهێنـاوە)).

یاسـایەکی هاوشـێوەی هەرێمـی کوردسـتان دەڵێت، سـوپای عێراق ناتوانێت بێتە نـاو هەرێمی کوردسـتان بەبـێ مۆڵەتـی پەرلەمانـی کوردسـتان، ئـەم یاسـایە بەپێـی ئەحکامەکانـی دەسـتووری عێراقـی ٢٠٠٥ پەسـەندکراوە.

**بڕگـەی ٢ لـە مـاددەی ٩ دەڵێـت: قەدەغەیـە میلیشیای سـەربازی لـەدەرەوەی هێزە چەکدارەکانی عێـراق دروسـت بکرێت.**

«حەشـدی شـەعبی کـە ڕێکخراوەکـەی بۆتـە چەترێـك بـۆ کۆکردنـەوەی ژمارەیەکـی زۆر میلیشـیای شـیعە لـە دەرەوەی بەرنامـەی هێـزە چەکـدارەکان پێکهێنـراوە، هێزێکـی ڕێکنەخـراوەو لەژێـر فەرماندەیەکـی جێگـەی پرسـیاردا ئۆپەراسـیۆن دەکـەن و کۆنترۆڵـی ئـەم هەیکەلـە جیایـە لـەوەی کـە لـە سـوپای عێراقـدا هەیـە.»

**ماددەی ١٣ دەڵێت:**
**ئـەم دەسـتوورە بە یاسـای بـاڵا و هـەرە بەرز لە عێراقدا دادەنرێت و پێویستە لە هەموو شوێنێکی عێراقدا پابەند بن پێوەی بێ جیاوازی.**

**ماددەی ١٤ دەڵێت:**
**عێراقییـەکان یەکسـانن لەبـەردەم یاسـادا بەبێ جیـاوازی ڕەگـەز، یـان نـەژاد، یان بنەچـە، یان ڕەنـگ، یـان ئایین، یان ئایینزا، یان بیروبـاوەڕ، یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی، یان ئابوورییان.**

**ماددەی ١٥ دەڵێت:**
**هەمـوو تـاکێـک مافـی ژیـان و ئـاسـایش و ئازادی هەیە و نابێ لێیان بێبەش، یان سنووردار بکرێت.**

**ماددەی ١٦ دەڵێت:**
**یەکسانیی هەل مافی هەموو عێراقییەکانە.**

**ماددەی ١٩ برگەی ٢ دەڵێت:**
**هیـچ کەسـێک تـاوانبـار ناکرێـت و سـزا نادرێت، تەنیا بەدەق نەبێت.**

**ماددەی ٣٨ دەڵێت:**
**دەوڵەت گەرەنتی ئەم خاڵانە دەگرێتە ئەستۆ:**
**١. ئازادی ڕادەربڕین بە هەموو شێوەیەک.**
**٢. ئـازادی ڕۆژنامەگـەری و چاپکـردن و ریـکلام، میدیا، بڵاوکردنەوە.**
**٣. ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە بە یاسا ڕێکدەخرێت.**

«ریفرانـدۆم شـانازییەکی ئازادیـی ڕادەربڕینـە، لەکاتی ریفراندۆمـەوە حکومەتـی فیدراڵـی ئـازادی ڕادەربڕینـی سـنووردار کـردووە.»

**ماددەی ٤٢ دەڵێت:**
**هەر تاکێک مافی ئازادی بیر و باوەڕی هەیە.**

«هەمـوو ئەوانـەی بەشـداری ریفراندۆمیـان کـردووە، شایسـتەی ئـازادی بیرکردنـەوەن و بیروبـاوەڕی خۆیـان هەیـە.»

**ماددەی ٦٥ دەڵێت:**
**ئەنجومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت کە بە (ئەنجومەنی فیدراڵی) ناو دەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و پارێزگایانە لەخۆ دەگرێت کە ناکەونە ناو هیچ هەرێمێکەوە..**

«ئەم ئەنجومەنە کە لقی دووەمی دەسەڵاتی یاسادانانە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا پێداویستییەکە بۆ فیدراڵیەت، دەبێت دروست بکرێت، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگاکان بکات، بەڵام هەتا ئێستا دانەمەزراوە.»

**ماددەی ٦٧ دەڵێت:**
**سەرۆک کۆمار نیشانەی یەکپارچەیی نیشتمان و سەروەریی وڵاتە، هەوڵدەدات بۆ پابەندبوون بە دەستوور و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەریی یەکێتی و پاراستنی خاکی عێراق بە پێی بڕگەکانی دەستوور.**

«دەبێت سەرۆك کۆمار دەربکەوێت، لەبەر ئەوەی کارێکی گرنگ یەکلاکەرەوەی لەبەردەمە و دەبێت بیکات.»

**ماددەی ٩٢ دەڵێت:**
**١. دادگای فیدراڵی باڵادەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لە رووی دارایی و بەڕێوەبەرایەتییەوە.**
**٢. دادگای فیدراڵی باڵا لە ژمارەیەک دادوەر و پسپۆڕی فیقهی ئیسلامی و یاساناس پێکدێت، دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگا بە یاسا رێکدەخرێت و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت.**

«یاسایەکی لەمجۆرە هەتا ئێستا دەرنەکراوە، دادگای باڵای فیدراڵی دانەمەزراوە، ئەو دادگا فیدراڵییەی ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بڕیار لەسەر کێشەکان دەدات، دەرهاویشتەی حکومەتی راگوزەر بووە کە لەژێر یاسای بەڕێوەبردنی ئیدارەی راگوزەر (TAL) دامەزراوە کە دواتر دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ جێگەی گرتەوە، بەمجۆرە ئەو پێگەی پێی دەگوترێت دادگای فیدراڵی زۆر جێگەی گومانە و ویلایەتێکی راشکاوانەی بۆ کارکردن نییە. هەرچۆنێك بێت، ئەم دادگایە هاوشێوەی دادگای باڵای فیدراڵی نییە کە لە ماددەی ٩٢ دەستوور ئاماژەی پێکراوە.»

ماددەی ٩٣ دەڵێت:

دادگای باڵای فیدراڵی دەتوانێت حوکم لەسەر ئەم بوارانە بدات:

دادگای فیدراڵیی باڵا تایبەتە بەم بوارانەوە:

یەکەم: چاودێریکردنی رادەی دەستووری بوونی یاساو پێڕەوە کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور.

سێیەم: یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە دروست دەبن و ئەو بڕیارو پێڕەو و ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵییەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بە هەریەک لە ئەنجومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلەو ئەوانی دی کە راستەوخۆ لە دادگا رەخنە لەو بڕیارانە بگرن.

چوارەم: یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکییانەی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاو شارەوانی و ئیدارە ناوخۆییەکان روودەدات.

هەشتەم: ا- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان بواری کاری دادگای فیدراڵی و دەستەی دادوەری هەرێم و پارێزگاکان کە ناکەونە سنووری پارێزگاکان.

ماددەی ١٠٥ی دەستوور دەڵێت:

دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنرێت بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەتی فیدراڵی و نێردەکان و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

ماددەی ١٠٦ دەڵێت:

بەیاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێندرێت.

١. دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی یارمەتی و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتییەکان بە گوێرەی پشکی هەریەکە لە هەرێمەکان.

٢. دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

٣. دڵنیابوون لە هەبوونی شەفافیەت و دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارەوپول بۆ حکومەتە هەرێمییەکان.

«ئەم کۆمسیۆنە هەتا ئێستا دانەمەزراوە، عێراق یەکێکە لە هەرە دەوڵەتە گەندەڵەکان لە جیهاندا، لە ناو ١٧٦ دەوڵەتدا بەپێی راپۆرتی شەفافییەتی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠١٦ ـ عێراق پلەی ١٦٦ ی هەیە، واتە یەکێکە لە ١١ دەوڵەتە هەرە گەندەڵەکەی جیهان.»

ماددەی (١٠٩)دەڵێت:

دەسەڵاتی فیدراڵی یەکێتی و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری و یاسای دیموکراسیخوازانەی فیدراڵی عێراق دەپارێزێت.

«ئەمە کرۆکی باسەکەیە، بەهۆی باڵادەستبوونی مەزهەبگەرایی، حکومەتی فیدراڵی بوونی نەماوە، بەهۆی پەنابردن بۆ توندوتیژی گەورەترین پریشك بەر عێراقییەکان کەوتووە، دوێنێ لەگەڵ سوننە، ئەمڕۆ لەگەڵ کوردستان، بەمشێوەیە نەیتوانیوە یەکێتی و یەکپارچەی عێراق بپارێزێت.»

**ماددەی(١١٠) دەڵێت:**

**ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە: لە خاڵی دووەم هاتووە: دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لەوانەش پێکهێنان و بەڕێوەبردنی هێزێکی چەکدار بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و مسۆگەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگریکردن لێیان.**

«لە حاڵەتێکدا هیچ هەڕەشەیەکی ئاسایش لە وڵاتانی دراوسێوەوە بوونی نەبێت، ئەوا لە بارودۆخی ئێستادا پێویست نییە هێزەکانی فیدراڵی بۆ پاراستنی سنوورەکان بێنە سنورەکانی هەرێمی کوردستان، مەگەر تەنیا لە حاڵەتێکدا مەترسی هەبێت و هێزەکانی دیکە ئامادەباشییان نەبێت، بەپێی ئەم پرسی یاسایە هێزەکانی ئاسایشی عێراق ناتوانن بەبێ مۆڵەتی پەرلەمانی کوردستان بێنە هەرێمی کوردستان.»

**ماددەی (١١٢)دەڵێت:**

**حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەری و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت.**

«ئەگەر سەرنج لەم پەرەگرافە بدەین وشەی سەرەکی بریتییە (لەگەڵ) و ( بە مەرجێك)، کۆنترۆڵی پیشەسازیی نەوت و گازی عێراق بکرێت، هیچ دەسەڵاتێکی سەرتاپاگیر بۆ حکومەتی فیدراڵی بوونی نییە.»

**مادەی(١١٤) دەڵێت:**

**دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ئەمانەن:**

**بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە، ئەمەش با یاسا ڕێکدەخرێت.**

**ماددەی (١١٥)دەڵێت:**

**هەرشتێک لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی پێ نەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.**

**ماددەی (١٢١) دەڵێت:**

**١. دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییان هەیە بە گوێرەی ئەم دەستوورە جگە لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.**

**٢. حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە، ئەگەر ناکۆکی، یان دژیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو، لە سەر بابەتێک کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی.**

**٣. دەبێت لەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵیدا بەدەست دەهێنرێت، پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت، کە بەشی هەستان بە ئەرکەکانی بکات، بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستییەکانی و ڕێژەی دانیشتووانیشی.**

**٤. نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵیۆزخانەو نێردە دیپلۆماسییەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشە پێدان.**

**٥. هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.**

**مادەی (١٤١) دەڵێت:**

**کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ـەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان – ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابنەوە، بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت.**

**ماددەی (١٤٠) دەڵێت:**

**١. دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانیەوە.**

**٢. ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتیقالیدا کە لە مادەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەم دەستوورە بۆ ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکووک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکییان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی ١٢/٢٠٠٧ تێپەڕ نەکات.**

**ماددەی (١٤٣) دەڵێت: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لە پاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ جگە لە بڕگەی (١) ی مادەی (٥٣) و مادەی(٥٨).**

**ماددەی ٥٣ لە یاسای ئیدارەی قۆناخی ڕاگواستن دەڵێت:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی پێدادەنرێت وەک حکومەتێکی فەرمی لەسەر ئەو خاکەی ئەو حکومەتە بەڕێوەی بردووە، هەتا ڕۆژی ١٩ی مارتی ٢٠٠٣ لە پارێزگاکانی ( دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دیالە، نەینەوا)، زاراوەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ئاماژەیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان.**

**ماددەی ٥٨ لە یاسای ئیدارەی قۆناخی ڕاگواستن دەڵێت:**

**حکومەتی ڕاگوزەری عێراق. ڕێوشوێنی خێرا و پێویست دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو زوڵمەی کە ڕژێمی پێشوو کردوویەتی لە گۆڕینی دیموگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لەنێویاندا کەرکووک، بە ڕێگەی دەرکردن و ڕاگواستنی هاووڵاتیان لەو ناوچانە و کۆچپێکردنی زۆرەملێ لە ناوەوە دەرەوەی هەرێمەکە، خەڵکی هاوردەیان لەو شوێنانە نیشتەجێ کردووە، هاووڵاتیانیان لەکار بێبەش کردووە، شێواندنی ناسنامەی نەتەوەیی کراوە.**

بەشێکی دیکەی ماددەکە لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی ڕاگوزەر ئەو هەنگاوانە دەخاتەڕوو کە پەیوەندی بە قەرەبووکردنەوە، دروستکردنی هەل بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوە، ڕاستکردنەوەی شێواندنی ناسنامەی نەتەوەیی، گێڕانەوەی سنوورە ئیدارییەکان و سەرژمێرییەکی دادگەر و شەفافانە هەیە.